دابینکردنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٤٥٨

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

پێنج شەمە ● ٩ی خاکەلێوەی ١٣٨٦ ● ٢٩ی مارسی ٢٠٠٧ ● ١٥٠ تمەن

## بە بەشداریی سەدان کەسایەتیی ئازادیخوازو نیشتمانپەروەر، حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە شاری کۆیە بەڕێوە دەبا



سەعات ٣ی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ پێنج شەممە ٢٠٠٧/٣/٢٩، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هۆڵی کولیژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆیە، ڕێوڕەسمێکی گەورە بە بۆنەی شەستەمین ساڵوەگەڕی لەدار درانی پێشەوا قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستانو هاوڕێکانی بەڕێوەدەبا. ئەم ڕێوڕەسمە بە بەشداریی نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانو سەدان کەسایەتیی سیاسیو فەرهەنگیو ڕووناکبیرو، تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان بەڕێوە دەچێو چەندین پەیام، وتار، لێکۆڵینەوەو بابەتی ئەدەبیو هونەریی تایبەت بەو یادەی تێدا پێشکێش دەکرێ.

# من زیندوومو دوژمن مردوون کەی لەپاش من بێخەم دەبن

# ئێوە، من ئێعدامم کردوون هەر کوردێك یەکێکە وەك من

شینی هەژار، موکریانی بۆ پێشەوا



٦٠ ساڵ لەو شەوە شوومە رابرد کە پێشەوای حیزبی دیموکراتی کوردستانو سەرۆك کۆماری کوردستانی تێدا لەدار درا. ٦٠ ساڵ بەسەر ئەو بەیانییە نەگبەتەدا رابرد کە هەواڵی جەرگبڕی شەهید بوونی قازی محەممەد، حەمەحوسێن خانی سەیفی قازیو ئەبولقاسمی سەدری قازی، نەتەوەکەیانی تاساندو کوردستانەکەیانی هەژاند.

قازی محەممەد لە تاریکیی دواشەوی ژیانیدا، ئەو بەیانییە دوور بەڵام ڕووناکو پڕشنگدارەی دەدیت کە ڕۆڵەکانی لە ئاکامی بەردەوامبوون لەسەر ڕێگای پێشەواکەیانو وەفاداری بە ئامانجەکانی کۆمارە جوانەمەرگەکەیان، کۆتایی بە بندەستیو ژێرچەپۆکی نەتەوەیی دێننو ئاڵای کوردستان، لە هەموو شوێنێکی نیشتمانەکەیانو یەك لەوان ئەو ژوورەی ئەوی تێدا مەحکووم بە مەرگ کراوە، دەشەکێننەوە. ئەوەتا ئەمڕۆ لە بەشێکی کوردستان دا، کورد خاوەنی ئازادیو حکوومەتو پارلمانی خۆیەتیو ئێمە لەژێر سێبەری ئاڵای کوردستانو حکوومەتو پارلمانی کورددا، یادی ٦٠ ساڵەی قازی محەممەدو هاوڕێیانی دەکەینەوە. لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دا، خەباتێکی بەهێزو هەمولایەنە بۆ گەیشتن بە رزگاریی یەکجاری لە گۆڕێ دایە. ئەوەتا لە مەهابادی پێتەختی کۆمارو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو لە سەرانسەری کوردستان، ناوی پێشەوا، گڵکۆی قازییەکانو ئەو ئاڵایەی قازی محەممەد بۆ یەکەم جار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵی کرد، بوون بە ڕووگەی کوردایەتیو ڕەمزی خەبات. ئەوەتا ئامانجەکانی پێشەواو کۆماری کوردستانو ڕێگاو ڕێبازەکەیان، وەك قازی محەممەد لە دواساتەکانی ژیانیدا پێش بینی کردبوو، لە هەمووکات زیندووترنو لە گەشانەوەو بەرەوپێش چوون دان.

## پەیامی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی ٦٠ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەواو هاوڕێیانییەوە

**نوێنەرانی بەڕێزی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یەکان!**
**کەسایەتییە نێشتمانی و نەتەوەییەکان!**
**ئامادە بووانی ڕێزدار!**

ئەمڕۆ ١٠ی خاکەلێوە رۆژێکی تاڵ لە مێژووی پڕ کارەساتی نەتەوەی کورد دایە. ٦٠ ساڵ بەر لە ئێستا لە ڕۆژێکی وەك ئەمرۆدا سەر کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەمەد، حەمە حسێن خانی سەیفی قازی وەزیری بەرگریی کۆمار و ئامۆزای پێشەوا و هەروەها ئەبولقاسم سەدری قازی برای پێشەوا بە تاوانی نیشتمانپەروەری و کوردبوون و تێکۆشان لە پێناوی رزگاریی کورد و کوردستان دا لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد، ڕاست لەو شوێنەی کە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستانی لێ ڕاگەیەندرا لە دار دران.

ڕێژیمی حەمەرەزا شا بە خەیاڵی خۆی بۆ چاوترسێن کردنی خەڵك نەك هەر ئەو سێ کەسەی بنەماڵەی قازی بەڵکوو لە مەهابادو بۆکان و سەقزیش بە چەند رۆژ جیاوازیی ڕێکەوت، پۆلێکی بەرچاو لە ئەفسەرە فیداکار و نیشتمانپەروەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی ئیعدام کردن. بەڵام هەر وەك پێشەوا لە کاتی ئیعدام کردنی دا فەرمووی "ئێوە بە ئیعدامی من قازی محەمەدێك دەکوژن کەچی لە دوا ڕۆژدا دەیان و سەدان قازی محەمەد لەو کوردستانەدا دێنە مەیدانی تێکۆشان و بە دژتان خەبات دەکەن، زۆر زوو خەباتی ڕۆڵەکانی گەلی کورد بە دژی حکوومەتی بنەماڵەی پەهلەوی و ڕێژیمی پاشایەتی حەمەرەزا دەستی پێ کردەوە.

بەڵێ دوژمنانی کورد چاوی دیتنی کەش و هەوای دێموکراتیکی ئەو بەشە ئازادکراوەی کوردستانیان نەبوو کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆماردا بوو. نەیان دەتوانی کورد بە بەختیاری ببینن و شاهیدی ئەنجامی ئەو هەموو کارە باش و جێی شانازییە بن کە لە ماوەی کەمتر لە ساڵ و نیوێك دا لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە و بەتایبەتی لە ماوەی ١١مانگ دا بە هێزی گەل و هیمەتی کۆمار ئەنجام دران. هەڵکردنی ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان بەشێوەی فەرمی، گرتنی کۆنگرەی یەکەمی حیزب، پەسەند کردنی ئەو ڕێبازە نوێ و مۆدێرنەو پێك هێنانی کۆماری کوردستان لە تەنیشت حاکمیەتێکی پاشایەتی دا و باقی سەرکەوتن و دەستکەوتەکان لەم ماوە کورتەدا دوژمنانی ئازادی و دێموکراسییان تاساند بوو. هەر بۆیە پیلان لە دوای پیلان و گەڵاڵەی هێرش بە مەبەستی تێکدانی کۆماریان دارشت. دیارە وڵاتانی کاپیتالیستیی ئەو سەردەمەش مەسڵەحەتی خۆیان لە تێکدانی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان وەك دوو هاوپەیمانی دێموکراتیك لە ناوچەدا دەبینی.

٢

ماموستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە کارنەڤاڵی بێوێنەی ئەندامانی حیزب لە ڕۆژی نەورۆزدا:

## کۆبوونەوەی ئێوە لێرە بۆ نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداریو خەبات لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانە

بەبۆنەی هاتنی ساڵی نوێو بە مەبەستی بەرز ڕاگرتنی نەورۆزی کوردەواری کە هێمای خۆڕاگریو بەرخودانەو کۆمەڵێك هێماو سەمبولی نەتەوەیی لەخۆدا کۆ کردۆتەوە، رۆژی چوارشەممە ١ی خاکەلێوەی ٨٦ی هەتاوی بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەریو کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو ئەندامانو لایەنگرانی ئەم حیزبە کە نیشتەجێی باشووری کوردستانن، کارنەڤاڵێکی بەشکۆ لە یەکێك لە سەیرانگەکانی دەوروبەری شاری کۆیە بەڕێوە چوو.

بەشدارانی ئەم ڕێوڕەسمە ژمارەیان ئەوەندە زۆرو بەرچاو بوو کە سەیرانگا بە هەموو بەرینیەوە بەرتەسك دیاری دەکردو جەماوەر هەر جمەی دەهات. کاتژمێر ٢ی دوانیوەڕۆ وتاری دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەنوێنەرایەتیی دەفتەری سیاسی لەلایەن بەڕێز ماموستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەوە پێشکەش کرا.

پاش وتارەکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان شێعرێکی پڕ لە هەستی نیشتمانپەروەری لەلایەن شاعیر تاهیر محەممەدرەزاوە پێشکەش کرا. لە برگەی دیکەی بەرنامەکانی کارنەڤاڵەکەدا پەیامی لایەنگرانو ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە شارەکانی باشووری کوردستان نیشتەجێن لەلایەن هەمزە ئاگووشیەوە پێشکەش کرا. دواتر ماموستا سەلاح وێردی بە عودو گۆرانیو دەنگە بلاوێنەکەی گەرمیەکی تایبەتی بە ڕێورەسمەکە بەخشی. لە نێوبڕی بەرنامەکەدا کاك سمایل سەردەشتی گۆرانیەکی تایبەتی سەبارەت بە کۆماری کوردستان پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

دوایین برگەی بەرنامەکانی ئەم کارنەڤاڵە تەرخان کرا بۆ هەڵپەڕکێو شادمانیی بەشداربووان.

شایانی باسە رۆژی پێشتر واتە سێ شەممە لە یەکێك لە بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئاوری نەورۆزی داگیرساو کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانی حیزب بە نیشانەی ڕێز گرتن لە نەورۆز بە دەوری ئاگرەکەدا کردیان بە هەڵپەڕکێو گۆوەند. ڕێزگرتن لە ئاگرو نەورۆزی ئەو ساڵیشیان کرد بە ڕەمزی خۆڕاگریو بەرخودانو خەباتی داهاتووی نەتەوەی کورد.

دەقی قسەکانی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە لاپەڕە ٤ی ئەم ژمارەیە دایە.





پەیامی نەورۆزیی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ٢


هەواڵ، دیدارو چالاکی ٣


١٠ی خاکەلێوەو سێ دەرسی مێژوویی ٨


بەیاننامە لەسەر بڕیاری تازەی ئەنجومەنی مافی مرۆڤ ٨


شەهیدانی سەردەمی کۆماری کوردستان ٩


ململانێیەکی دۆڕاو ٩


هۆی لاواز بوونی ڕۆڵی ژن لە دەسەڵاتدا ١١

دریژەی

# پەیامی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی ٦٠ ساڵەی شەهید بوونی پێشەوا و هاوڕێیانییەوە







هەر بۆیەش بە فرتو فێل ڕێگەیان بۆ ڕێژیمی شا خۆش کرد تا لە پێشدا ئازەربایجانو دوایەش کوردستان بگیرێتەوە. بەداخەوە لە ئەنجامی پرۆژەکانیشیان دا سەرکەوتوو بوون.

چەند ڕۆژ دوای تێکچوونی کۆمارو هاتنەوەی ئەرتەش بۆ مەهاباد، بە پێچەوانەی هەموو ئەو بەڵێنیانەی سەرانی ڕێژیم دابوویان، پێشەواو ئەندامانی کابینەی کۆمار و زۆر لە بەرپرسانی ئۆرگانەکانی حکوومەتی کوردستانیان گرتو بەندیخانەی شارەکانیان کورد ئاخن کرد. دادگا فەرمایشییە نیزامییەکانیان لە تارانەوە، بەرەو شارەکانی کوردستان وەڕێ خست.

دادگایی کردنی پێشەوا قازی و هاوڕێیانی فەسڵێکی دیکە لە مێژووی خەباتی پڕشانازیی ئەوان بوو. هەڵی ئاخر بوو کە لە جەلەسەکانی دادگا بۆیان ڕەخسا بوو. بە وتەی سەروان شەریفی وەکیلی قازییەکان ئەوە قازییەکان و بە تایبەتی پێشەوا بوو کە بەرپرسو ئەندامەکانی دادگایان ڕاستەوخۆ و ڕێژیمی شایان ناڕاستەوخۆ محاکەمە دەکرد و ئیفشاگەرییان لە سەر دەکردنو ئەو هەموو تاوانەی کە بەرانبەر بە کورد کردبوویان بە چاویان دا دەدانەوە.

بەر لە هاتنەوەی ئەرتەش بۆ مەهاباد، نوێنەری سۆڤیەت پێشنیاری ڕۆیشتنی بە پێشەوا کردبووو ئیمکانی سەفەریشی بۆ ئامادە کردبوو، دوایەش مستەفا بارزانیی نەمر پێشنیاری پێکرد کە دەگەڵ ئەو بڕواو شاری مەهاباد بە جێ بهێڵێ. بەڵام سەرەڕای ئەوەی ئەوپەڕی حورمەتی بۆ مەلا مستەفا هەبوو، بە گیانو دڵ خۆشی دەویستو گومانی لە سەداقەت و دڵپاکیی ئەودا نەبوو، فەرمووی "بۆ پاراستنی گیانی خەڵکو بەرگری لە بەناحەق ڕژانی خوێنی ئەو ڕۆڵە فیداکارانەی گەلو وەفا بەو سوێندەی کە خواردوومە، دەمێنمەوە" مایەوە تا دوای خۆی گیانێکی تازە بە حیزب و نەتەوەکەی ببەخشێو ڕێگای خەباتی درێژەی هەبێ.

پێشەوا بەم بۆچوون و رووحە گەورەیەوە و بەو خۆبەخشییەوە لە دادگاش دا هەموو بەرپرسایەتییەکی وە ئەستۆی خۆی گرتو نەك هەر حاشای لەو کارانە نەکرد کە لە پۆستی سەر کۆماری و بەرپرسایەتی حیزبی دا بۆ بەختەوەریی خەڵکو نەتەوەکەی و پیادەکردنی بە کردەوەی دێموکراسی بە ئەنجامی گەیاند بوون، بەڵکوو بە ڕاشکاوی بە دادگای ڕاگەیاند کە ئەمن دەمێکە ئامادەی مردنی پڕ لە شانازی لە ڕێگەی ڕزگاری گەل و نیشتمان دام.

پێشەوا ڕووناکبیرێکی نەترس و مەزن بوو، لە هەموو کەس زیاتر لە گەلی خۆی نیزك بوو. کۆمەڵناسێکی واقیعیو بە ئەزموون بوو. شارەزایی تەواوی لە دەردو مەینەتەکانی کوردو ئاواتەکانی نەتەوەی چەوساوەی خۆی بوو.

بە زمانی سادەو ئاسایی خەڵك دەدوا و بەم هۆیەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەکردە سەر هەستو بیروڕایان. قازی محەمەد یەکەم کەس بوو کە لە مێژووی پڕکارەساتی کورد دا لەقەبی پێشەوای پێ بەخشرا بوو.

پێشەوا قازی، گەلو نیشتمانی خۆی بە گیانو دڵ خۆش دەویست، هەموو تواناو ئیمکاناتی خۆی لە پێناوی بەختەوەریی کۆمەڵگای کورد دانابوو، هەر لەو کاتەدا ناسیۆنالیستێکی سینگ ئاواڵەو دڵ فراوان بوو، وێڕای خوازیاریی ئازادی و دێموکراسی بۆ کورد بایەخی تەواوی بە مافی گەلانی بەشخوراوی دیکەی ئێران دەداو تەنانەت مافی کەمایەتییە ئایینییەکانیشی بە هێند دەگرتو بە کردەوە لە پاراستنی چوارچێوەی کۆماردا ئەوەندەی بۆی کرا پاراستنی و، مافی ڕەوای خۆیانی بۆ دابین کردن.

پێشەوا بە ڕوونی بۆی دەرکەوتبوو کە یەکێك لە هۆیەکانی بە ئاکام نەگەیشتنی زۆربەی جووڵانەوەکانی کورد ناتەبایی نێوخۆیی بووە، بۆیە زۆری هەوڵ دا ناتەباییەکانی تایفەیی و عەشیرەتی بە کەمترین ڕادەی خۆی بگەیەنێو توانی لەو کۆمەڵگا خان خانیو دوا کەوتووەی ئەو کات دا ڕێگە بۆ دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بەرنامە پێشکەوتووە خۆش بکا کە دواتریش کۆماری کوردستانی لێکەوتەوە.

یەکیەتیو یەکریزیی کوردان و پێویستیی مێژوویی ئەم تەباو ڕەباییەشی ئەوەندەی لا گرینگ بوو کە هەم لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمارداو هەم لە ئاخرین کاتی ژیانی دا لە وەسیەتنامەکەی دا پێی لە سەر داگرتووەو بە ڕوونی ئاماژەی پێ کردوە.

پێشەوا بە تەواوی مانای وشە مرۆڤێکی دێموکراتو ئازادە بوو، پێکهێنانی یەکیەتیی ژنانو یەکیەتیی لاوان، ناردنی قوتابیان بۆ خوێندن لە هەندەران لە لاوانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵو ئەو ڕەفتارە مرۆڤانەی تەنانەت بە گوێرەی ڕێنوێنییەکانی ئەو دەگەڵ دیلەکانی شەر دەکرا هەموو بەڵگەی زیندووی بۆچوونە دێموکراتیکەکانی ئەو زاتە بوون.

بۆ لاپەری ٥

**له شێستەمین ساڵوەگەڕی شەهید بوونی پێشەوا و هاوڕێیانی دا ئێمە کادر و پێشمەرگە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڵێن دەدەین درێژەدەری ڕێگای خەباتی ڕەوایان بین و هەتا ماوین لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیان تێکۆشین**

# پەیامی نەورۆزیی

## دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

**هاونیشتمانه بەڕێزەکان!**
**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**
**تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

سەرلەبەیانیی سبەینێ چوارشەممە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی کۆتایی دێو پێ دەنێینە ساڵێکی نوێ، ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٧٠٧ی کوردی. بەم بۆنە پیرۆزەوە لەلایەن خۆمانو ئەندامانو کادرانو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پیرۆزبایی جێژنی نەورۆزو ساڵی نوێ لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو سەرانسەری ئێرانو هەموو ئاشقانی جێژنو بەهارو خۆشیو شادمانی دەکەین. پیرۆزباییەکی تایبەتیشمان بۆ ئەندامانی بنەماڵەی شەهیدانو زیندانییە سیاسییەکانو تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریو بنەماڵە سەربەرزەکانیان.

بە نوێبوونەوەی ساڵ سروشت بەرگی کۆن فڕێ دەداو بەرگێکی نوێ دەکاتە بەرو ژیانێکی نوێ دەست پێدەکاتەوە. بۆ تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگارییش بەتایبەتی خەباتگێڕانی کورد نەورۆز سەرفەسڵی پێداچوونەوەی کارو تێکۆشانی یەکساڵەو بەرنامە داڕشتن بۆ ساڵێکی نوێ لە هەوڵو تێکۆشانی خۆبەخشانە لە پێناو وەدەستهێنانی ئامانجەکانی گەل دایە. ساڵی ڕابردوو ساڵی بەرەنگارییەکی بەردەوام لە نێوان ویستی ئازادیو ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان لە لایەكو سیاسەتی سەرکوتی ئازادییەکان لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکە بوو. ئەگەرچی ساڵێکی دیکەشمان بەجێ هێشتو هێشتا ڕێژیمی ئازادیکوژی کۆماری ئیسلامی بەسەر شانو ملی خەڵکی کوردستانو سەرانسەری ئێرانەوە قورسایی دەکا، بەڵام ئاسۆی ڕزگاری ڕوون دێتە بەرچاوو ساڵی نوێ مزگینیی فەسڵێکی تازە لە بەربەرەکانیی هەقو ناهەقمان پێ دەدا. ڕێژیمی فەرمانڕەوا لە هەر دوو بەرەی نێوخۆییو دەرەوە دا لەگەڵ وەزعێکی دژوار بەرەوڕوویەو چارەنووسێکی ڕەشی بۆ پێشبینی دەکرێ. لە ژوورەوەی وڵات ناڕەزایی چینو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵو گەلانی سەرانسەری ئێران گەیشتۆتە ڕادەی تەقینەوە، وشیاریی سیاسی بە پلەیەکی زۆر بەرز گەیشتوە، خەڵك مافەکانی خۆیان ناسیوەو ئامادەن بۆ وەدەستهێنانیان تێبکۆشنو نرخیان بۆ بدەن. لەدەرەوەی وڵاتیش کۆمەڵگای جیهانیو کۆڕوکۆمەڵە نێو نەتەوەییەکانو ناوەندەکانی بڕیار لە قانوون شکێنیو سەرەڕۆیی کاربەدەستانی ڕێژیمی دواکەوتووی ئێران وەزاڵە هاتوونو هەتا دێ زیاتر بڕیاری بەرەنگاربوونەوەو سنوور بۆدانانی بۆ گەڵاڵە دەکەن.

ئەحمەدی نەژادو دەوروبەرەکەی کە بەهەق بە نوێنگەی هەرە ڕاستەقینەی نێوەڕۆکی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەناسرێن بە ڕاوەستانی کەللەشەقانە بەرامبەر بە کۆبڕیاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی دەستهەڵگرتن لە بەرنامە ئەتۆمییە گوماناوییەکانیانەوە هەر ڕۆژە هەنگاوێکی تازە وڵاتەکەمان بەرەو کارەسات دەبەن. سەرپێچیی دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامی لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی هێمنیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەتا دێ مەترسیی ڕووبەڕوو بوونەوەی نیزامی لەگەڵ ڕۆژئاواو خوڵقاندنی کارەساتێکی جەرگبڕی ئینسانی نیزیكو نزیکتر دەخاتەوە.

لە هەلومەرجێکی وا دا ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستانو سەرانسەری ئێران ئەرکی زۆر قورسو پیرۆزیان لەسەر شانە. ئەوان دەبێ هەموو ڕێگایەك بەکاربێنن بۆئەوەی ڕێژیمی ئێران لە بەرەنگاربوونەوەی داخوازی ڕەوای ئازادی لە ژوورەوەو ویستی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە سیاسەتی دەرەوەدا بگێڕنەوە. نابێ ڕێگابدرێ ئەحمەدی نەژادو داروودەستەکەی بە سیاسەتی بەرزەفڕانەو نەزانانەی خۆیان وڵاتەکەمان تووشی چارەنووسی عێراق و ئەفغانستان بکەن. زۆر ڕوونە کە سەرەڕای ئەو چاوڕاوە کە دژی گەلییەکان وەڕێیان خستوە لە حاڵەتی هێرشی ڕۆژئاوا بۆسەر ئێران دا ڕێژیمی ئەحمەدی نەژاد لە ڕێژیمی تالیبانی ئەفغانستان و بەعسیانی عێراق زیاتر خۆ ڕاناگرێ. بەڵام دواتر ئەوە گەلانی ئێرانن کە دەبێ باجی ئەو ئاژاوەگێڕیو سەرپێچییانەی کاربەدەستان بدەن.

بەو پێیە دەبێ بە کەڵكوەرگرتن لەو دوورەپەرێزییەی ڕێژیمی تێکەوتوەو بە بەکارهێنانی هەموو خاڵە لاوازەکانی دەسەڵاتی ئاخوندی و بەهرەوەرگرتن لە هەموو فاکتۆرێکی یارمەتیدەر کارێك بکرێ کە پێش ئەوەی ڕێژیمی ئیسلامی وڵاتەکەمان دوچاری کارەسات بکا، لە نێوخۆداو بە هێزی گەل شەڕی ئەو ڕێژیمە لەسەر ئێران و ئێرانییەکان کەم بکرێتەوە. ئەزموونی دوو وڵاتی دراوسێ (عیراق و ئەفغانستان) پێمان دەڵێ کە نەك هەر نابێ ئارەزوو بکەین وڵاتەکەمان بکەوێتە بەر پەلاماری هێزێکی خاریجی، بەڵکوو دەبێ بە هەموو تواناوە تێ بکۆشین مەترسییەکی وای لێ دوور بخەینەوە. بەو حاڵەش ئەگەر ئاژاوەگێریی کاربەدەستان ڕۆژێك ئاگری شەڕێکی ماڵوێرانکەری لەو بابەتە هەڵ گیرسێنێ، هیچ نیشتمانپەروەرێکی ئێرانی نابێ قازانجی ئێران و کۆماری ئیسلامیی لێ تێکەڵ بێ. چونکە دیفاع لەو ڕێژیمە بە هیچ جۆر دیفاع لە ئێران نیە. لەو حاڵەدا دەبێ گەلانی ئێران لە دەرفەت کەڵك وەرگرنو پێش ئەوەی وڵاتەکەیان ببێتە وێرانە ئەو نیزامە بڕووخێنن و وڵاتەکە سەرلەنوێ دروست بکەنەوە.

خەباتگێڕانی کوردو بە تایبەتی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش نابێ لەبەر چاویان ون بێ کە دەسکەوتی خەڵکی کوردستان لەهەر ئاڵگۆڕێکی لە ئێران دا ڕوو بدا بارتەقای ئەو نەخشەیە کە ئەوان لەو ئاڵوگۆڕەدا وەئەستۆی دەگرن. کەوایە دەبێ هەوڵ بدەن نەخشی گرنگیان لە ئاڵوگۆڕەکان دا هەبێ. ئەویش نایەتە دی بەوە نەبێ کە ڕیزی خەباتگێڕانەی خۆیان یەك بخەنو پێکەوە بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەرکە نیشتمانیو نەتەوەییەکانیان دەستبەکار بن. هەر چەشنە دوورەپەرێزی، خۆبەزلزانیو پاوانخوازییەك زیان بە یەکگرتوویی ڕیزەکانی گەل دەگەیەنێو پەرشو بڵاویی هێزەکانیش وا دەکا گەلەکەمان لە ئاڵوگۆڕی چاوەڕوانکراوی ئێران دا دەم لەپووش دەرچێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو پێوەندییە دا بۆ هاوکاری لەگەڵ هەموو هێزە ناسراوو خەباتگێڕەکانی کوردستان بە پلەی یەکەمو بە پلەی دووەم لەگەڵ تەواوی هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتی ئێران بە تایبەتی ئەو ڕێکخراوانە کە نوێنەرایەتیی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران دەکەن، ئامادەیەو جگە لە پێك گەیشتن لەسەر ئامانجە نیشتمانییەکان هیچ پێشمەرجێکی بۆ هاوکاری نیە. ئەمەش تەنیا لە دڵسۆزی بۆ قازانجی نیشتمانیو نەتەوەیی سەرچاوە دەگرێو بۆ ئەوەیە قازانجی حیزبیو ڕێکخراوەیی بکرێتە قوربانی قازانجی گەلو نیشتمان. بە ئاواتی هاودڵیو هاوخەباتیی هەموو ئازادیخوازانی کوردستانو سەرانسەری ئێران.

**هاونیشتمانە کوردە ئازیزەکان!**

کۆماری ئیسلامی کە هەمیشە دژایەتیی لەگەڵ هەموو بۆنە نیشتمانیو نەتەوەییەکان کردوە، ئەم ساڵیش بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵی داوە ئۆگریی خەڵك بە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزو نوێبوونەوەی ساڵ کەم بکاتەوەو کەندوکۆسپیان لە سەر ڕێ دروست بکا. لە بەرامبەردا زیندوو کردنەوەی سوننەتە میللییەکان بۆ ئێوە بۆتە مەیدانێکی دیکەی دەربڕینی ناڕەزایەتی لە سیاسەتەکانی ڕێژیمو ئەزموونی ساڵانی ڕابردووش نیشانی داوە کە لەگەڵ هەموو بەربەرەکانیو کارشکێنییەکی دژیگەلییەکان ئەوەی سەرەنجام گرەوی بردۆتەوە ئێوە بوون.

دڵنیاین ئەم ساڵیش بە بەرزڕاگرتنی یادی نەورۆزو ساڵی نوێ، بە بەشینەوەی نوقڵو شیرینی، بە دەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی، بە ڕووکردنە دەشتو دەرو بەرپاکردنی جێژنو شاییو هەڵپەڕکێو لەوانەش زیاتر بە سەردانی بنەماڵەی شەهیدانو زیندانیانی سیاسیو تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری وەفاداریی خۆتان بە دابو نەریتو شوێنە ڕەسەنە میللییەکانتان بە دوژمنانی جێژنو شادمانیو نەورۆزو ڕووناکی نیشان دەدەن. کەوایە هەر لە ئێستاوە:

نەورۆزتان پیرۆزو هەموو ڕۆژێکتان نەورۆز

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

**٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٨٥ی هەتاوی**

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزب و کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

## بەڕێوەچوونی رێورەسمی نەورۆزی لە شارەکانی کوردستان

### ◈ بۆکان

ئێوارەی ٣ شەممە لەنێو هەموو کوچەو کۆڵانەکان و ناوچەکانی شاری بۆکان بە شێوەیەکی بەربڵاو ئاوری نەورۆز کرایەوەو خەڵك لە دەوری ئاگر شایی و هەڵپەرکێیان دەکرد و پیرۆزبایی نوێ بوونەوەی ساڵی تازەیان لە یەکتر دەکرد. لەحاڵێك دا رێژیم هێزێکی زۆری خزاندبووە نیو شار بەڵام خەڵك بە شایی و خۆشحاڵیی تەواوەوە جێژنیان گرت.

### ◈ ناوچەی چۆمی مەجیدخان

لە ئاواییەکانی چۆمی مەجیدخانی سەر بە شاری بۆکان ئێوارەی سێشەممە دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەستیان کرد بە هاندانی لاوان بۆ ئەوەی ئاوری نەورۆزی لە کۆڵانەکانی ئاواییەکانەوە بگوازنەوە بۆ سەر شاخەکان. بەرەبەری هەوا تاریك بوون لوتکەی ئەم شاخانە بە گڕو بڵێسەی ئاوری نەورۆز رازانەوە. کێوی قژاغلۆو لە نێوان ئاوایی سەرچنارو حاجیلەك، کێوی وشتر هەڵدێر لە نێوان حاجیلەك و ئاتابڵاغی و قەرەگۆل و هەورەها کێوەکانی: ساریبابا، کێوی حاجیئابادو کێوی سمایل ئاغا ئاوری نەورۆزیان کردبوە تاجە زێرینەی سەریان.

### ◈ مەهاباد

رۆژی ١٣٨٥/١٢/٢٩ لە چوارڕێی ئازادیی شاری مەهاباد خەڵك بۆ شادی و جێژن هاتنە سەر شەقام و بە گێڕانی شایی و هەڵپەرکێ جێژنی نەورۆزیان بەڕێوەبرد بەڵام لەلایەن هێزەکانی ئینتزامی، یەگانی ویژە و بەکرێگیراوە لیباس شەخسییەکان هێرش کرایە سەر خەڵك. تا درەنگانی شەوی نەورۆز هەموو موبایلەکان لە مەهاباد و دەوروبەر قەتع بوون. ئەو شادی و خۆشییە تا درەنگانی شەو هەر بەردەوام بوو. لاوەکان دروشمی نیشتمانی و شۆڕشگێڕانەیان دەدا.

ـ شەوی سێشەممە لەسەر چوارشەممە لە مەیدانی شۆڕش لاوان بۆ شادی و جێژن هاتنە سەر شەقام و تا درەنگانی شەو شایی و خۆشیان کرد. بەڵام لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە کەوتنە بەر هێرش و، پێکدادان لە نێوانیان دا رووی‌دا کە بریندار بوونی چەند سەربازی لێ کەوتەوە و تەنانەت دەگوترێ دوو سەرباز لە حاڵەتی کۆما دان. هەروەها لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە شووشە و پەنجەرەی زۆر ماڵی دەوروبەری مەیدانی شۆڕش شکاون.

### ◈ زانکۆی تاران

بە مەبەستی بەرز راگرتن و بەڕێوەبردنی رێورەسمی دێرینەی جێژنی نەورۆز کە هەتا ئێستاش وەکوو چەکێکی شوناس پارێز کەڵکی لێوەرگیراوە، خوێندکارانی زانکۆی تاران رۆژی چوارشەممە ١ی خاکەلێوەی ٨٦ی هەتاوی بە بڵاوکردنەوەی نوقڵ و شیرینی پیرۆزبایی ئەم جێژنەیان لە یەکتر کردو بە تۆقاندنی تۆق تۆقیلە و هەڵکردنی ئاور، کەشوهەوایەکی پڕ لە شادمانیان پێك هێنا. ئەوە لە حاڵێك دابوو کە لە حەوتوویەك لەوەپێشەوە هێزە بەناو ئینتیزامیەکانی رێژیم بە بیانووی جۆراوجۆر خوازیاری ئەوە بوون نەهێڵن ئەم رێورەسمە بەڕێوە بچێ یا لانیکەم تا ئەو جێیەی بۆیان دەلوێ کەمڕەنگتری کەنەوە.

### ◈ سنە

ئێوارەی رۆژی ٢٩ی رەشەمە، خەڵکی شاری سنە لە زۆربەی گەڕەك و شوێنەکانی شار ئاهەنگی نەورۆزیان گێڕا. خەڵکی سنە لە گۆڕەپانی گاز، پارکی فەرەح، غەفوور و سەلۆەتاوا و ... بە کردنەوەی ئاگر و هەڵپەڕکێی کوردەواری، جێژنی نەورۆزیان پیرۆز کرد.

هەروەها ریکخراوی نادەوڵەتیی "شاهۆ" کە رێکخراوێکی کولتووری و کۆمەڵایەتییە، بەم بۆنە پیرۆزەوە لە تالاری "ئارام"ی شاری سنە بە بەشداری سەدان کەس رێورەسمێکی بەشکۆی بەرێوەبرد. ئەم رێوڕەسمە بە دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ شەهیدانی رێگای رزگاریی نەتەوەی کورد و هەروەها ٥٠٠٠ شەهیدی کیمیابارانی هەڵەبجە دەستی پێکرد. پاشان سروودی نەورۆز "ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە" پێشکەش کرا و دواتر ئاگری سەری ساڵی ٢٧٠٧ی کوردی لە لایەن کاك "حمید ملك الکلامی"یەوە کرایەوە. ئەم رێوڕەسمە کە لە کەشوهەوایەکی تەواو نەتەوەییدا بەرێوەچوو لە نێو خۆشی و شادیی بەشداران دا کۆتایی پێهات.

### ◈ مەریوان

کاتژمێر ٦ی ئێوارەی رۆژی ٢٩ی رەشەمە خەڵك و بە تایبەت لاوان ئاگریان کردەوە و هاتنە سەر شەقامەکان. رێژیم بە رژاندنی هێزێکی زۆر بۆ نێوشار پێشگیریی لە شادی و هەڵپەڕکێی لاوان کرد و چەند کەس لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە گیران. بەو حاڵەش خەڵك درێژەیان بە جێژن و شادیی خۆیان دا و تا کاتژمێر ١٠ی شەو بەردەوام بوون.

***

## پێشوازیی گەرمی گوندەکانی دەوروبەری بۆکان لە چوارشەممە سووری

ئێوارەی ٤ شەممە سووری بەشێکی زۆر لە گوندەکانی دەوروبەری شاری بۆکان لەگەڵ ئەوەی کە رێژیم هێزێکی زۆری خزاندبوە نێو شاری بۆکان و ئەو ناوچانە، بەڵام خەڵکی ئەو گوندانە بە ئاورکردنەوە لە نێو کۆڵان و گەڕەکەکان، بەرزاییەکان و زۆر شوێنیتر بە شێوەیەکی بەربڵاو و هاوکات بە بەزم و هەڵپەرکێ، ئاگرۆکێن و تەقاندنەوەی جۆرەکانی تەرەقە بە پێشوازی ساڵی نوێوە چوون.

پێویستە بگوترێ ئەو گوندانەی کە بەشێوەیەکی بەربڵاو رێورەسمەکانی چوارشەممە سووریان بەڕێوە برد بریتین لە: گوێگجەلی، مشیرئاباد، برایم ئاباد، قەڵای ئەلاکۆ، گامێشگۆلی، شیناوە، ئەسکەرئاباد، ساروقامیش، حاجیاباد، حاجیلەك، قەرەموسالی (بەخشی سیمینە)، سەراو، داشبەند، گردی قەبران، ئەنبار، حەمامیان.

لە زۆربەی شارو ناوچەکانی کوردستان، ئەمساڵ هەر بەم گەرم و گوڕییە جێژنی نەورۆز بەڕێوە چوو. بەڵام بەداخەوە ئێمە لەبەر بابەتەکانی تایبەت بە ٦٠ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەوا نەمانتوانی هەموو هەواڵەکان بڵاو بکەینەوە.

## خەڵکی شارەدێی میرەدێ بەرەنگاری هێزە بەناو ئینتیزامییەکان بوونەوە

لە شاری سەقز شەوی هەینی( ٢٥ی رەشەمە) خەڵکی کاسبکار هێندێك وەسایل و کەل و پەلی ماشین ئالات و لۆدێر لە بانەوە بار دەکەن بۆ سەقز. لە رێگادا نیروی ئینتزامی بە بیانۆی ئەوە باری قاچاغە وەسایلەکان لە کاسبکاران زەوت دەکەن. خەڵکی شارەدێی میرەدێ کاتێك بەو کارە دەزانن ئازایانە لە سەر کاسبکارەکان وەجواب دێن و بە فشار بەشێك لەکەل و پەلەکان لە مەئموورەکانی حکوومەت دەستێننەوە و دەیدەنەوە بە خاوەنەکانیان.

## خۆسووتاندنی خوێندکارێکی بۆکانی

شەوی ٨٥/١٢/٢٨ خوێندکارێکی ساڵی سێهەم بە ناوی "سەدیق رەوشەن زەمیر"خەڵکی وشتەپەی بۆکان خۆی ئاگر تێبەرداو گیانی لە دەست دا. ناوبرا لەحاڵێك دا خۆی سووتاند کە لەگەڵ دەزگیرانەکەی لە جل هەڵگرتن گەڕابۆوە بڕیاریان وابوو دوای جێژنی نەورۆز زەماوەند بکەن. تا ئێستا هۆی خۆسوتاندنی روون نەبۆتەوە.

## وێنەکانی تایبەت بە بەرێوەچوونی رێورەسمی نەورۆز لە شاری مەهاباد

↓









# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

### کانادا

٢٠٠٧/٣/١٦ بە بەشداریی کومیتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان،، پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەك لە کوردستانییانی دانیشتووی ڤانکۆوێر کۆڕێك بۆ یادی ١٩ ساڵەی کارەساتی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە بەڕێوە چوو. لەم کۆڕەدا پەیامی کومیتەی حیزب لە لایەن هاوڕێ رزگار جاویدفەرو، چەند شێعر لە لایەن هاوڕێ خەلیل ئەشکانیەوە پێشکەش کرا.

### فینلاند



٢٠٠٧/٣/١٦ هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆڕێکی ماتەمینیدا کە بە بەشداریی نوێنەرانی زۆربەی حیزب و رێکخراوە کوردستانییەکان و دەست پێشخەریی ناوەندی چاك لە شاری هێلسینکی پێك هاتبوو، بەشدار بوو. هاوڕێ تاهیر قاسمی پەیامی کومیتەی حیزب لە وڵاتی فینلاندی لەم کۆڕەدا پێشکەش کرد. لە بەشی دووهەمی یادکەدا پانێلێك بۆ نوێنەرانی حیزب و رێکخراوەکانی بەشدار پێك هاتبوو کە کاك لوقمان زەهرایی بەرپرسی بەشی پێوەندییەکان لە لایەن کومیتەی فینلاندەوە بەشدار بووو باسێکی لە ژێر ناوی "هەڵەبجەو ناسنامەی نەتەوەیی کورد" پێشکەش کرد.

### ئەمریکا

٢٠٠٧/٣/١٧، لە لایەن [نوێنەرایەتیی] حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆڕێك بۆ یادی کارەساتی هەڵەبجە پێك هات. هەیئەتێکی کومیتەی ئەمریکای حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم کۆڕەدا بەشدار بوو. هاوڕێ مراد ئەحمەدی پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

### سویس

٢٠٠٧/٣/١٧ ناوەندی چاك لقی سویس لە شاری زۆریخ بۆ یادی ١٩ ساڵەی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە کۆڕێکی بە بەشداریی چەندین حیزب و لایەنی سیاسی و یەك لەوان هەیئەتێك لە کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێك هێنا. هاوڕێ رەحمان ئیبراهیم زادە بەرپرسی کومیتەی حیزب لە سویس، پەیامێکی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

### بریتانیا



٢٠٠٧/٣/١٧ کومیتەی یادی هەڵەبجە، لە شاری مەنچێستەر بە بەشداریی زیاتر لە ٤٥٠ کەس کۆڕێکی پێك هێنا. هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا لەم کۆڕەدا بەشدار بوو. هاوڕێ فەرەیدوون مەعرووفی لەم کۆڕەدا شێعرێکی پێشکەش کرد.

### سوئێد ـ ئۆرێبرۆ

٢٠٠٧/٣/١٧ بەبەشداریی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵە کولتووریی کوردی لە شاری ئۆرێبرۆ، فیدراسیۆنی کۆمەڵەی کوردستانییەکان، حیزبی مودێراتەکانی سوئێدو ڤێنستەر پارتی سوئێد، رێورەسمی نۆزدەهەمین ساڵوەگەڕی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە لە شاری ئۆرێبرو بەڕێوە چوو. هاوڕێ حەسەن حەریری بە چیرۆکێك بەشداریی مراسمەکەی کرد.



### ـ لینشۆپینگ

کومیتەی هاوکاریی کۆمەڵە کوردستانییەکان و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لە شاری لینشۆپینگ کۆڕێکیان بۆ یادی کارەساتی هەڵەبجە پێك هێنا. هاوڕێ مەریوان نستانی لەم کۆڕەدا، کورتە فیلمێکی نیشان دا کە بۆ ئەم رۆژە ئامادە کرابوو. لەم کۆڕەدا پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشکەش کرا.

### ئوستralia

٢٠٠٧/٣/١٨ بەرێوەبەرانی رادیۆی کوردیی شاری بریزبێن، بە پشتیوانیی حیزبە کوردستانییەکان، سمینارێکیان بە بۆنەی ١٩ ساڵەی کارەساتی هەڵەبجە لە نێو یەکێك لە هۆڵەکانی پارلمانی ئەیالەتی کوئینزلەند بەرێوە برد. بێجگە لە کوردەکانی بریزبێن، سیناتۆر ئەندرۆ بارتلێت و کلیەر مۆر لەم سمینارەدا بەشدار بوون. هاوڕێ سەلاح پوور ئەسەد لەم سمینارەدا وتارێکی لەسەر بۆمبارانی هەڵەبجە و قەڵاچۆی گەلی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، پێشکەش کرد. هاوڕێ مەسعوود پیرانیش پەیامی دەفتەری سیاسیی بە بۆنەی ١٩ ساڵەی بۆمبارانی هەڵەبجەی خوێندەوە. چەند پارلمانتێریش پەیامیان بۆ ئەم سمینارە ناردبوو. بەشدارانی سمینار بڕیارنامەیەکیان لە ٤ خاڵ دا پەسند کرد لەو خاڵانەدا داوا لە پارلمانی فیدراڵی ئوستralیاو پارلمانی ئەیالەتی کوئینزلەند کراوە کە بە رەسمی کوشتاری بە کۆمەڵی کورد بە جینوساید بناسێ.

### فینلاند ـ تورکو

٢٠٠٧/٣/١٧ کۆمەڵەی کوردیی شاری تورکو کۆڕێکی بۆ یادی هەڵەبجە پێك هێنا. هەیئەتێك لە کومیتەی فینلاندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم کۆڕەدا بەشدار بووو کاك رەحمان خالید نەژاد پەیامی کورمیتەی فینلاندی حیزبی خوێندەوە.

### ئاڵمان

#### کۆبوونەوەی هاوبەشی هێزە کوردستانییەکان

رۆژی ٢٠٠٧/٣/١٨ لەسەر بانگهێشتنی رێکخراوی ئاڵمانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان نوێنەرانی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەو وڵاتە بە مەبەستی ئاڵوگۆری بیرورا لە بارەی دۆزینەوەی رێگایەك بۆ هاوکاری، لە شاری کۆڵن، کۆبوونەوە. لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە کاك خالید حەسەن پوور بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ئەڵمان لەم کومیتەیەدا بەشدار بوو. هەموو لایەنەکانی بەشدار کە زیاتر لە ١٠ حیزب و رێکخراو و کۆمەڵە و ناوەندی کوردستانی بوون، کۆبوونەوەی لە ژێر چەتری کومیتەی هاوکاریی رێکخراوە کوردستانییەکان بە باشترین رێگا بۆ ئەم مەبەستە زانی.

### دا نمارک



٢٠٠٧/٣/١٩ لەسەر بانگهێشتنی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دانمارك کۆبوونەوەیەکی دۆستانە لە نێوان نوێنەرانی چوار حیزبی سیاسی (حیزبی دیموکراتی کوردستان، پارتی ئازادی کوردستان، پارتی ژیانەوەی کوردستان و، رێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران پێك هات. لەم دانیشتنەدا کاك ناسر پیرانی باسێکی پێشکەش کرد سەبارەت بە کێشەکانی ئەمڕۆی جووڵانەوەی کورد. بارودۆخی هێزە کوردستانییەکان و پێویستیی هاوکاریی نێوانیان کە نوێنەرانی لایەنەکانی بەشداری ئەم دیدارە لە سەر ئەم پێویستییە پێیان داگرتەوە و هەموو لایەنەکان لەسەر ئەمە یەکدەنگ بوون کە بۆ ناساندنی زیاتری کێشەی رەوای گەلەکەمان بە خەڵکی دانمارك کار بکەن.

بۆ لاپەری ١٠

**ماموٚستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە ڕێوڕەسمی نەوروٚزی کوردی دا :**

# هەلومەرجی نێونەتەوەیی پێمان دەڵێ کە روٚژانی کارو تێکوٚشانو لە عەینی حاڵدا وەدەست هێنانی مافو ئامانجەکانمان لە پێش دایە

بە ناوی خودا، بە ناوی کورد و کوردستانو بە ناوی نەوروٚزو بەهارو خوٚشیو شادمانیو ڕووناکی.

میوانە بەڕێزەکان! خوشکو برایانی بەڕێز! ئەندامانو پێشمەرگەو کادرەکانو لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!

بە شانازیی دەزانم کە دەفتەری سیاسی بە منی سپارد لەم مناسەبەتەدا بە ناوی وانەوە قسە بکەمو پیروٚزبایی لە ئێوە بکەم.

بە ناوی هەموو تێکوٚشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، پیروٚزبایییەکی گەرم لە ئێوە ئامادەبووانی ئەو فستیواڵە گەورەیە، لە هەموو دوٚستانو لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە هەموو خەڵکی کوردستانو هەموو خەڵکی ئێرانو هەموو ئاشقانی نەوروٚزو بەهارو ڕووناکی لە سەرانسەری ناوچەو دنیادا دەکەم.

ئازیزان! کوٚبوونەوەی ئێوە لێرە کە لە ڕێگای دورو نیزیکەوە هاتوونو پێك گەیشتوون، زیاتر لە مانا و مەفهوومێکی هەیە. هاتوون لێرە چاوتان بە چاوی یەکتر بگەشێتەوە، دڵتان خوٚش بێ کە ئازیزانتان دەبینن. هاتوون لێرە نەوروٚزی کوردەواری، سوننەتو نەریتی لەمێژینەی میللەتی کورد زیندوو بکەنەوە. هاتوون لێرە پەیمانی وەفاداریو خەبات دەگەڵ یەکتر، دەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانو دەگەڵ میللەتی کورد نوێ بکەنەوە. لەم نییەتە پاکەداو لەو ئامانجە پیروٚزەدا سەرکەوتنی هەموو لایەك بە ئاوات دەخوازم.

کەمتر لە ١٢ سەعاتە ساڵی تازەی کوردی، ساڵی ٢٧٠٧ یا بە تاریخی ئێرانی ساڵی ١٣٨٦ نوێ بوٚتەوە. یانی بە تازەیی ساڵێکی پڕ لە خەباتو تێکوٚشان، پڕ لە بەربەرەکانی، پڕ لە ڕەنج، پڕ لە خوێنو فرمێسکمان بەجێ هێشتوە. ڕێژیمی جمهووریی ئیسلامی لە ساڵی رابردووش دا هەروەك ساڵەکانی پێشوو هەوڵی دا بە زەبرو زەنگ، بە کوشتنو برینو بە زیندانو ئەشکەنجە ئازادیخوازانی ئێرانیو بە تایبەتی کوردستان بێدەنگ بکا. بەڵام دیسان وەك هەمیشە لەو ئامانجە ناپیروٚزو پیسەدا بە خوٚشییەوە ناکام مایەوە. ساڵی پێشووو ساڵەکانی پێشتر هەموویان شاهیدی ئەوج گرتنی هەستی نەتەوایەتی لە نێو کوٚمەڵانی خەڵکی کوردستان دا بوون. شاهیدی بەربەرەکانیی ئازادیخوازانی ئێرانیو چاونەترسان لە نێزەو ژ ـ٣و هەموو جوٚرە چەکێکی دژی گەلییەکانی جمهووریی ئیسلامی بوون.

لە ساڵی رابردوودا جمهوری ئیسلامی لە هەموو وەختێکی دیکە باشتر بوٚ خەڵکی ئێرانو خەڵکی سەرانسەری دنیایە ناسرا، هیچ زیادمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین دەگەڵ هەموو ئەو چاوو ڕاوەی کە نیشانی دەدەن، دەگەڵ هەموو خوٚبەزل زانینێك کە لە خوٚیانی نیشان دەدەن، کاربەدەستانی جمهووریی ئیسلامی لە خراپترین ساڵەکانو روٚژەکانو سەعاتەکانی تەمەنی خوٚیان دانو زیاتر لە جاران تەریك کەوتونەتەوە. تەریك کەوتنەوە لەوە زیاتر کە کوٚمەڵانی خەڵکی ئێرانو بە تایبەتی کوٚمەڵانی خەڵکی کوردستان نێوەروٚکی ئەو ڕێژیمەیان ناسیوەو بڕیاریان داوە حیسابی خوٚیان دەگەڵ ئەو ڕێژیمە یەك لا بکەنەوە؟ تاكو تەنیایی لەوە زیاتر کە لە رادەی نێونەتەوەییدا کوٚماری ئیسلامی وەك ڕێژیمێکی مەنفوور، وەکوو ڕێژیمێکی سەرەڕوٚ، وەکوو ڕێژیمێکی قانوون شکێن، وەکوو ڕێژیمێکی تیروٚریستو تیروٚریست پەروەر، وەکوو ڕێژیمێك کە بوٚتە یاغییەکی "بین المللی" ناسراوە؟

ئەم ڕێژیمە وەزعێکی پێك هێناوە کە کوٚدەنگییەك هەم لە نێو خەڵکی وڵاتەکەی خوٚمان دا هەم لە نێو جامیعەی نێونەتەوەییدا بەرابەر بە جمهووریی ئیسلامیدا دروست بووە. لەبیرمانە ڕێژیمی کوٚنەپەرستان چەندین ساڵو چەند دەساڵ لە ناکوٚکییەکانی نێوان قوتبەکانی دنیای دەرەوە ئیستفادەی کردو خوٚی بە قووەت کردو خوٚی لەسەر پێڕاگرت. بەڵام ئێستا دەبینین کە ئەمریکاو ئورووپا، ڕووسیەو چین، وڵاتانی ناوچەو وڵاتانی دوورو نزیك هەموویان یەك دەنگن لە سەر ئەوەی جمهووریی ئیسلامی خەتەرە بوٚ سەر ئاشتی، بوٚ سەر ئازادی، بوٚ سەر دیموکراسیو دەبێ پێشی پێبگیرێو ئەو کوٚسپە لەسەر ڕێی ئیستقراری ئازادیو دیموکراسی لە ناوچەی روٚژهەڵاتی نێوەڕاست دا هەڵ بگیرێ. کەوابێ ڕێژیم سەرەڕای ئەوەی کە چەکی هەیە، پووڵی هەیە ئیمکاناتێکی بەرینی تەبلیغاتیی بە دەستەوەیە، لە حاڵەتێکی خراپ دایەو لە حاڵەتی زەعفو زەبوونیدا بەسەر دەبا. بەڵام مەعلوومە دەوڵەتێك، نیزامێك هەر ئەندازەش لە نێوخوٚیدا وەزعی خراپ بێ بە خێرا خوٚی مەیدان چوٚڵ ناکا. بە تایبەتی ئەگەر ئەو ڕێژیمە دیموکرات نەبێ. ڕێژیمێکی دیموکرات ئەگەر زانی ناڕەزایەتیی خەڵکی گەیشتوٚتە نیزیك پەنجا لە سەد (٥٠٪) نەك لە پەنجا لەسەد تێپەڕیوە بوٚخوٚی مەیدان بەجێ دێڵێ. بەڵام دیکتاتوٚرەکان تا ئەو وەختەی تیغیان ببڕێ درێژە بە دەسەڵاتی خوٚیان دەدەن. بوٚیە بوٚ ئەوەی شەڕی ڕێژیمی جمهووریی ئیسلامی لە سەر گەلی کوردو گەلانی ئێران کەم بکەینەوە دەبێ بە هێز بین، دەبێ خوٚمان ئامادە بکەینو دەبێ پاڵ وێك دەین. ئەو خوٚبەهێزکردنە بوٚ حیزبی دیموکراتی کوردستانو تێکوٚشەرانی حیزبی دیموکرات چەند سەتحی هەیە. لە پێش هەمووان دا لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان دا دەبێ خوٚمان بەهێز بکەین، ئەو خوٚبەهێزکردنە بە وەیە کە وەکوو ئێستاو زیاتر لە ئێستا لە دەوری ئاڵای حیزبەکەمان، لە دەوری دروشمەکانیو لە دەوری ئامانجەکانی کوٚببینەوە. ئێمە لە مەتنێکی چووکەڵەدا بەشێك لە نوختە ئەساسییەکانی ڕێبازی حیزبی دیموکراتی کوردستانمان ئاشکرا کردوە. بوٚیە جێی شانازییە کە هەڵوێستەکانی حیزبی دیموکرات، شوعارەکانی، هێڵەگشتییەکانی دەگەڵ پێشوازییەکەی گەرمی کوٚمەڵانی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی ڕووناکبیران، دانیشجویان، دانیشگاهییان، ماموٚستایانو ئەدیبان بەرەوروو بووە. لێرەدا جارێکی دیکە ئەو بانگەوازە دەکەین با بێنە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستان نوێ بکەنەوە، کەسیش مونتەزیری مەنەبێ بوٚی نوێ بکەینەوە. با بێن پێکەوە ئەو حیزبەی دروست کەین، بیکەینە ئەو حیزبە کە هەموومان دەمانهەوێ، کە بەرەی نوێ، ڕووناکبیران، دانیشگاهییان، ئەدیبان، نووسەران، ژنان، لاوان، ئەوانەی قازانجیان لە نوێ بوونەوەدا هەیە، با بێن ئەوانە پێکەوە دەگەڵ تێکوٚشەرانی دێرینی حیزبی دیموکراتی کوردستان، حیزبەکە وا دروست کەن کە بوٚخوٚیان دەیان هەوێ.

قوناغی دووەم خوٚبەهێزکردنە لە رادەی کوردستان دا. کە باسی کوردستان دەکەم پێمان خوٚش بێ یان پێمان ناخوٚش بێ، کوردستان دابەش کراوە، لە پێشەوە جارێ باسی کوردستانی خوٚمان یا روٚژهەڵاتی کوردستان دەکەم. لەمێژە لە نێو هێزە سیاسییەکانی کوردستان دا جێگای ئیئتلافێك، هاوپەیمانییەك، جەبهە یا هەر ناوێکی لە سەر دادەنێین بە تاڵە. حەقیقەت ئەوەیە کە دەبێ قبووڵ بکەین لە پێش هەمووان دا ـ ئێمە دەبێ قبووڵ بکەین ـ کە لەو ئەرکە پێویستەدا ئێمە وەدوا کەوتووین. ئێمە مایەمان لە خوٚمان دانەناوە بوٚ جواب دانەوە بەو مەتڵەبەی کوٚمەڵانی خەڵکی کوردستان. هیچکام لە ئێمە لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە تەنیا ناتوانن وەڵامدەری ویستو داخوازی خەڵك بن، هیچمان بە تەنێ کامڵ نین، بەڵام بە هەموانمان هەموو شتێکین. خوٚبەزل زانین، پاوانخوازی، ئەوە کە خەڵك وەدوای یەکێکی دیکە کەوێ کاری بە جێیەك نەگەیاندوە. دەبێ تێبگەین کە دنیا، دنیای تەفاهومە، دنیا دنیای موشارەکەتە، دنیا دنیای هاوکارییە، دەبێ هەموومان بە سەر یەکەوە کار بکەین. معیاری ئەوە کە کاممان پتر نوێنەری خەڵکی کوردستانین دەبێ ڕەئی کوٚمەڵانی خەڵك بێ، ئەگەر دەرفەتمان بوٚ بخولقێ ـ کە هیوادارم بە زوویی بخولقێ ـ ئەو وەختی خەڵکی کوردستانە کە پێمان دەڵێ چ حیزبێکە پتر نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان دەکا. هیچ حیزبێکمان نیەو نابێ کە نوێنەری هەموو خەڵکی کوردستان بێ. بەڵام دەتوانێ زوٚرو کەمی هەبێ. کەوابێ لە یەك کەلام دا با بڵێین ناهەقن ئەوانەی پێیان وایە هەق هەموو لای وانە، لە هەڵە دان ئەوانەی پێیان وایە حەقیقەت هەموو لەکن وانە.

قوٚناخێکی دیکەی هاوکاریو خوٚئامادەکردن بوٚ خەباتمان هەیە، ئەویش هاوکاری دەگەڵ گەلانی زوٚرلێکراوی ئێرانە. وەکوو ئازەربایجانیان، وەکوو بەلووچ، وەکوو عەرەب، وەکوو تورکمەن، ئەوانە دەردی مە چاکتر دەرك دەکەن. ئازادیخوازانی نەتەوەی حاکم دەگەڵ هەموو ڕێزمان بوٚیان، دەگەڵ ئەوەی هاوسەنگەرمانن ناتوانن دەردی نەتەوەی کورد دەرك بکەن. چونکە ئەوان دەردی "محرومیت"و بێ بەشی لە مافی نەتەوایەتییان نەچاشتوە. بەڵام ئەو نەتەوانەی ناومان بردن دەگەڵ ئێمە هاودەردن، هاوسەنگەرنو هاوفکرن. ئەگەر ئەو نەتەوانە یەك بگرن زوٚرایەتییەکی بەقووەتی هەموو کوٚمەڵی ئێران پێك دێنن. کەوابێ دەبێ لەگەڵ ئەوانە پتر لێك نیزیك بین، ئەو تریبوونەی ئێستا هەیە بە ناوی کوٚنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ سەرەتایەکی باشە، دەبێ بە قووەتی کەین، دەبێ سەعی بکەین زیاتر گەشە بکات، وابێ ببێتە نوێنەرو "مظهر"ی ئیرادەی هەموو گەلانی زوٚرلێکراوی ئێران. بەڵام مەرحەلەیەکی چوارەمیشمان هەیە. ئێمە دەبێ لەگەڵ هێزە سەرانسەرییەکانی ئێرانیش هاوکاری بکەین. زوٚرجارمان گوتوەو جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەینەوە. میللەتی کورد یەك میللەتە، کوردستان یەك وڵاتەو دابەش کراوە، حەقیەتی، حەقی پیروٚزیەتی روٚژێك لە روٚژان یەك بگرێتەوە. بەڵام لە سیاسەت دا ئینسان لەگەڵ واقعیاتی "موجود"یش سەروکاری هەیە، واقعیاتی "موجود" ئەوەیە کە ئەمڕوٚ کوردستان لە نێو چەند وڵاتان دا دابەش کراوە. هەر بوٚیە هێزە سیاسییەکانی ئێرانی هەموویان ئەوانەی کە باوەڕیان بە موشارەکەتی ئێرانیێ هەیەو بە تایبەتی هێزە سیاسییەکانی کورد، دروشمی فیدرالیزم بوٚ ئێرانیان هەڵبژاردوە. فیدراڵیزم تەنیا بە نەتەوە زوٚرلێکراوەکان پێك نایە، بەشی هەرە گەورەی وەکوو یەك میللەت بە فارسەکانە کە وابێ ئێمە فارسەکان نابێ بە بێگانە لە خوٚمان بزانین. فارسەکان لە خەباتی دژی دیکتاتوٚریدا، لە خەبات بوٚ دیموکراسیدا هاوپەیمانی ئێمەن. ئەوە لە کوٚنەوە لە بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا هاتوە. حیزبی دیموکرات لە دژی دوو هەست، خەبات دەکاو هەوڵ دەدا ئەو دوو هەستە لەبەین بەرێ یا هیچ نەبێ زوٚریان کز بکا. یەك ئەو هەستی شووێنیستییەیە کە لە نەتەوەی حاکم دا هەیە کە ئێرانو نەتەوەی فارس بە یەك دادەنێ، "اعتراف" بە بوونی گەلانی دیکەی ئێران ناکا. ئەوەی دیکە ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگە کە گەلانی ئێرانو حاکمانی ئێران بە یەك چاو تەماشا دەکا. ئێمە دەزانین گەلانی دیکەی ئێران، یەك لەوان گەلی فارسیش لە دەستی دیکتاتوٚریی پادشاییو ئیسلامی کەمتر لە میللەتی کوردیان نەچاشتوە. کەوابێ دەگەڵ هەموو حورمەتمان بوٚ وان دەبێ قبووڵ بکەین ئەوان تا ئێستا لە مەسەلەکە ئاگا نین، بە پێوەندیی نیزیكو کارو تەلاشی بەردەوام دەبێ سەعی بکەین ئەوان لەو واقعییەتە حاڵی بن کە پێشرەفتی ئێرانو تەرەقیی ئێران لەوە دایە کە هەموو میللەتانی ئێرانیێ خوٚیان لە ئێرانیێ دا بە ساحەب بزانن، کەس بە بێگانە خوٚی نەبینێتەوە. ئەمە لە پێشدا ئەرکی ئێمەیە، ئەرکی هێزە نیشتمانییەکانی سەر بە گەلانی زوٚرلێکراوی ئێرانە. دەبێ بە هەموو ڕێگایەك دا هەوڵ بدەین ئەو هاوپەیمانەتییە لە نێو هەموو ئێرانییەکان دا دروست بکەین.

دەگەڵ ئەو واقعییەتەی کە گوتمان شاراوە نیە کە ئێمە بەشێکین لە میللەتی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا. بوٚ هەموومان جێگای سەربەرزییە کە ئەمڕوٚ وشیاریی نەتەوایەتی لە نێو هەموو بەشەکانی میللەتی کورددا لە ئەوج دایە. لە هەمووشی پتر جێی شانازییە کە لە بەشێکی کوردستان دا کورد نەك هەر حقووقی خوٚی بە دەست هێناوە بەڵکوو بە جوٚرێك لە جوٚران سەربەخوٚیی خوٚی بەدەست هێناوە. لەویش زیاتر لە چارەنووسی وڵاتەکەی خوٚیدا ـ وڵاتە گەورەکە دا کە عێراق بێ ـ تەئسیری کاریگەرو بە قەولی فارسی "تعیین کننده"یان هەیە. ئەم دەسکەوتانە دەسکەوتی هەموومانن، دەبێ بە هەموومان بیان پارێزین. وەختێکی کوردێك دەبێتە سەروٚك کوٚماری هەموو وڵاتەکە، لەویش زیاتر هەموو تەیفەکانی وەڵاتەکەی ، هەموو نەتەوەکان، هەموو بیروباوەڕەکان، ئومێدی پێ دەبەستن کە ببێتە ئەڵقەی وەسڵ لە بەینیانداو یەکیەتییەکەیان بوٚ بپارێزێ، ئەوە بوٚ هەموو میللەتی کورد مایەی سەربەرزییە. وەختێك دەبینین سەروٚکی هەرێمی کوردستان بوٚ هەر وەڵاتێك دەچێ وەك ڕەئیس جمهورو پاشایەك، لە لایەن پاشایانو سەروٚك کوٚمارانەوە پێشوازیی لێ دەکرێو فەرشی سووری بوٚ ڕادەخرێ، بوٚ هەموو میللەتی کورد جێگەی شانازییە. ئیجازەم بدەن لە جیاتی هەمووتان بڵێم سڵاو لە خەباتو قوربانیدانو فیداکاریی خەڵکی کوردستانی عێراق یان باشووری کوردستان کە ئەو سەرکەوتنو شانازییەیان بوٚ نەتەوەکەیان بەدەست هێناوە، لێیان پیروٚز بێو نەخشە بێ لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش.

ئێمە کە لێرە قسە دەکەین ئاڵایەکی گەورەی کوردستان لە پشت سەرمان هەڵواسراوەو بەدەیانو بەسەدان ئاڵای کوردستانیش لە نێو جەمعی ئێوەدا دەشەکێتەوە، نیشانەی ئەو هاوپێوەندییەو ئەو یەك چارەنووسییەیە کە گەلی کورد لە مێژە هەیەتی، بەڵام ئێستا دەرکی پێکردوەو لە عەینی حاڵدا ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان یان وەکوو کورد لە روٚژهەڵاتی کوردستان بەشێکین لە کوٚمەڵگای جیهانی ئەمڕوٚ دونیای ئەمڕوٚ، دونیایەك نیە هیچ میللەتێك، هیچ حیزبێك بە تەنیا بتوانێ مەسەلەکانی خوٚی چارەسەر بکا هەموویان وەك ئەڵقەی زنجیرە بەیەکەوە بەستراونەوە لە نێو ئەو کوٚمەڵگا گەورە جیهانییەدا جێگای حیزبی دێموکراتی کوردستان دیاری کراوە. لە مێژە، ئێمە لە نێو

←





**درێژەی**

# وتاری ماموستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە ڕێوڕەسمی نەورۆزی ١٣٨٦ دا

کۆمەڵگای جیهانی دا جێگای خۆمان لە ڕیزی هێزە دێموکراتەکان، هێزە زیندووەکان، هێزە بەرەو پێشەکان ئەو هێزانە کە لایەنگری ئاشتیو ئازادیو مافی مرۆڤو دادپەروەریی کۆمەلایەتین، دیوەتەوە. ئێمە خۆمان لە جبهەی موخالیفی تیرۆریزمو کۆنەپەرستیو دیکتاتۆریو سەرەڕۆیی دا دەبینین، دەبێ هەوڵ بدەین ئەو پێوەندییانەمان دەگەڵ ئەو دونیایە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرینتر بکەین، ڕۆژ بە ڕۆژ پتەوتری بکەین.

ئازیزان، ئەو سەرەڕۆییو ئاژاوەگێرییە کە کۆماری ئیسلامی لە چەند ساڵی ڕابردوودا و بە تایبەتی لە یەك ساڵی ڕابردوودا دەستی پێکردوە، ئەو کەڵەوە کێشییە کە لە موقابیل ئیرادەی یەکگرتووی کۆمەڵگای جیهانی دەیکا، مەترسییەکی گەورەی بۆ وڵاتەکەمان پێك هێناوە هەتا دێ کۆمەڵگای جیهانی بەرابەر بە جمهووریی ئیسلامی پتر یەك دەگرێ ئەگەر ئەمرۆکە وەکوو مەرحەلەی دەست پێ کردن سزا لە سەر کۆماری ئیسلامی، تەنیا سزای ئابوورییە، سزای مەنعی هاوکاریو موعاملەی هەندێك لە شیرکەتە بێگانەکان دەگەل ئێرانە، قەدەغە کردنی سەفەری هەندێك لە کاربەدەستانی ئێرانێ بە تایبەتی ئەوانە کە پێوەندییان بە چەك سازیی ئەتۆمییەوە هەیە، هەموو نیشانەکان شاهیدن کە خەتەری حەملەی نیزامی بۆ سەر ئێرانێش هەیە. لە سەر حەملەی نیزامی بۆ سەر ئێرانێ ڕەنگە فکری جۆراوجۆر هەبن، ئەوانەی دوژمنایەتییەکی مەشروع بەڵام نائاگاهانەیان دەگەڵ حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی هەیە، ڕەنگە ئەوەی بە شتێکی سادە بزانن، بەڵام تەجروبە نیشانی داوە کە شوێنەوارەکانی شەڕ زیاتر لەوەی کە ژیانی دیکتاتۆرەکان بگرێتەوە، ژیانی کۆمەلانی خەڵك دەگرێتەوە. بۆیە بەوشیارییەوە دەبێ ببینین کە ڕەنگە هێرشێکی نیزامی و هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورە لە بەینی هێزەکانی خاریجیو کۆماری ئیسلامیدا ئەوەندە عاقیبەتێکی خۆشو دڵپەسندی بۆ خەڵکی ئێرانێو یەك لەوان بۆ خەڵکی کوردستان نەبێ. کەوابێ ئێمە ئارەزوو دەکەینو دەبێ هەولێش بدەین پێشی ڕووداوێکی ئاوا بگرین بە فشار لە لایەن بیروڕای گشتییەوە بۆ سەر کۆماری ئیسلامیو کاربەدەستانی یا بە هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە پێش ئەوەی ئەو ڕێژیمە وڵاتەکەمان تووشی مەرگو ماڵوێرانی بکا. بەڵام دیارە ئەگەر ئەو کەڵەوەکێشییە سەرەنجام کێشایە سەر ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی نیزامی لە بەینی ئێرانو جامعەی نێونەتەوەیی‌دا، نەك هەر هیچ کوردێك، هیچ نیشتمانپەروەرێکی ئێرانی، نابێ دووچاری ئەوە ببێ کە پێی دەڵێن نیشتمانپەروەریی بە درۆ، بچین خۆمان بۆ جمهووریی ئیسلامی بە کوشت بدەین کە گوایە دیفاعمان لە وڵاتمان کردوە، دیفاعمان لە ئێرانێ کردوە! ئێران شتێکە کە بۆ هەمووان عەزیزە بۆ هەموو ئێرانییەکان، یەك لەوان بۆ کوردیشو جمهووریی ئیسلامی شتێکی دیکەیە. دیفاع لە جمهووریی ئیسلامی بە هیچ جۆر دیفاع لە ئێرانێ نیە. لە حاڵەتێکی

وادا وەکوو لە مێژە سیاسەتمەدارانی واقعبین گوتوویانە، دەبێ هێزە ئازادیخوازەکان لە دەرفەت کەڵك وەربگرنو سەعی بکەن زووتر ئەو ڕێژیمە بە دەستی خۆیان بڕووخێنن بۆ ئەوەی نە وڵاتەکەیان تووشی مەرگو ماڵوێرانیی حیساب نەکراو بێ، نە دیکتاتۆری لە سەر شانو ملیان بمێنێتەوە.

**خوشكو برا بەرێزەکان!**

نەورۆزو نوێ بوونەوەی ساڵ هەروەکوو لە ژیانی خسووسیو لە ژیانی ئابووری دا سەرەتای دەست پێکردنی کارو تێکۆشانو هەوڵی بەردەوامە، لە خەباتی سیاسییش دا هەر وایە، بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بڕیاری داوە فەسڵێکی تازە لە خەباتو تێکۆشانی خۆی دا بکاتەوە بۆیە کاری زۆرمان لە پێش دایە، دەورانی حەسانەوەمان بەسەر چوو دەبێ پتر ماندوو بین تا حەسانەوەیەکی درێژماوەتر بە نسیبی خۆمانو میللەتەکەمان بکەین. نیشتمانێك چاوی لە مەیە، میللەتێك چاوی لە تێکۆشانی هێزە سیاسییەکانیەتی. هەلومەرجی نیونەتەوەیی پێمان دەڵێ کە ڕۆژانی کارو تێکۆشانو لە عەینی حاڵدا وەدەست هێنانی مافو ئامانجەکانمان لە پێش دایە ئەو ڕۆژانە چەند ساڵو چەندین ساڵو جاری وا هەیە بە چەندین قەرن جارێك بۆ میللەتان هەڵ دەکەون، ئەو دەرفەتە نابێ لە دەست بدرێ. هەروەك لە پێشەوە گوتم ئەو هەستەی کە ئێوەی لێرە کۆ کردۆتەوە، پێش هەموو شتێك هەستی شۆڕشگێرانەو هەستی خەباتکارانەو هەستی نیشتمانپەروەرییە. بەڵام ئەوە ئەرکمان لە پێش دادەنێ، ئەو ئەرکانە غەیری بە شێوەیەکی گشتی کە دەتوانین ئیشارەیان پێبکەین لە پشتی میکرۆفۆن ناکرێ ورد بکرێنەوە. تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کادرە تەشکیلاتییەکان، لە سەریانە دەبێ بۆ وردکردنەوەی ئەرکەکانی تێکۆشان بێنە نێو ئێوە، لەگەڵ ئێوە قسە بکەنو بەرنامە بۆ خەباتێکی پڕ بەرهەم دابڕێژن. ئێمە نابێ چاوەڕوانی موعجزە بین، سادە کردنی مەسەلەکەیە کە هێندێك کەس پێیان وایە دەبێ لە ماڵێ دانیشن تا لە ناکاو ڕۆژێکی کە لە خەو

هەڵدەستن تەماشا دەکەن تانکەکانی هێزێکی بێگانە لە بەر دەرکی کۆشکی کۆماریو بەر دەرکی پادگانەکان ڕاوەستاون، وڵات ڕزگاری بووە! وڵات وا ڕزگاری نابێ، میللەتێکی ئازادیخواز نابێ چاوی تەنیا لە هێزی خاریجی بێ، بەڵکوو دەبێ هەموو یارمەتییەکی خاریجی وەکوو عامیلێکی یارمەتیدەر تەماشا بکا. موعجیزە ناخوڵقێ، بەڵام ئێمەو هێزە سیاسییەکانی دیکەی گەلانی ئێران و هەموو گەلانی ئێران دەتوانن پێکەوە موعجیزە بخوڵقێنن. با هەوڵ بدەین وڵاتەکەمان بۆ خۆمان ڕزگار بکەین تا بەرهەمی ڕزگار بوونەکەشی بۆ خۆمان بێ. ئەگەر دەستێك لە دەرەوە بۆمان ڕزگار کا ڕەنگە بۆ خۆی ڕزگار بکا، پێش ئەوەی بۆ مەی ڕزگار بکا. دەسکەوتی ئێمە وەك میللەتی کورد لە هەر ئاڵوگۆڕێك کە لە وڵاتەکەمان دا ڕوو بدا بەستراوەتەوە بەوە کە چەندەمان تەئسیر لەو ئاڵوگۆڕە دا هەیە. نموونەی باشمان لەو بەشەی کوردستان لەبەر چاوە، ئەگەر ئێستا کورد بۆتە سەر تۆپی هەموو گەلانی عێراق، کورستان بۆتە نموونە نەك هەر بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق بەڵکوو لە زۆر بارەوە بۆ بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەرهەمی ئەو موشارەکەتەیە کە لە خەباتەکەدا بوویانە، بەرهەمی ئەو هەموو شارە وێرانەو ئەو هەموو دێ خاپوور کراوەیە، بەرهەمی ئەو هەموو کۆڵنەدانە ئەو هەموو فیداکارییەیە. ئێمە لێرە دەرسی زۆر گەورە دەتوانین فێر بین. دەگەڵ هەموو شانازیم بە هەموو دەسکەوتەکانی ئێرەوە هەتا دەتوانین لە کەمو کورییەکانیش، کەلێنێك هەیە سەعی

**ئێمە لە کوردستاندا دەگەڵ هەموو هێزەکان ئامادەین بە دڵەوە هاوکاری بکەین، هاوکاریی دووبەدوو، هاوکاریی سێ بە سێ، هاوکاریی هەمووان، تەنانەت هاوکاری بە شێوەی بەرەییو لەوەش زیاتر ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان نیزیکی ببینین، سەداقەت ببینین لە حیزبێکی سیاسیدا. هەر حیزبێك دەبێ، کەس ئیستسنا ناکەم، حازرین لە یەك حیزبیش دا بەیەکەوە کار بکەین.**

بکەین لە خەباتی خۆمان دا تووشی نەبین. بەڵێ وەك گوتم هەموو شتێك لە گرەوی یەکیەتی دایە. بوونی ئێوە لێرە مزگێنیی ئەو یەکیەتی‌یە بە منو هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەدا، لە دەوروبەری هەموو شارەکانتانو هەموو ناوچەکانتان شوێنی باش، پارکی باش هەبوو کە لێی‌کۆببنەوەو جێژنی لێ‌بگرن، مەبەستێکی سیاسیو ئامانجێکی سیاسی ئێوەی لێرە کۆ کردۆتەوە، هاتوون دیدار لەگەڵ یەکتر نوێ بکەنەوە، بەڵام هەر دیدارێکی عادی نا، بەڵکوو دێدارێکی شۆڕشگێرانەو تێکۆشەرانەش.

ئەگەر تیکراریش بێ، چونکە جاری دیکەمان گوتووە با لە کۆتاییدا بڵێم، سڵاو لەو کەمایەتی‌یەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دارو بەرد هەڵی ناگرێ. هیوادارم چاو هەبێو ببینێ. شتێك کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا ڕووی دا ویستی ئێمە نەبوو، ویستی ئێوە نەبوو، ویستی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان نەبوو. ئێمە لە کوردستاندا دەگەڵ هەموو هێزەکان ئامادەین بە دڵەوە هاوکاری بکەین، هاوکاریی دووبەدوو، هاوکاریی سێ بە سێ، هاوکاریی هەمووان، تەنانەت هاوکاری بە شێوەی بەرەییو لەوەش زیاتر ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان نیزیکی ببینین، سەداقەت ببینین لە حیزبێکی سیاسیدا. هەر حیزبێك دەبێ، کەس ئیستسنا ناکەم، حازرین لە یەك حیزبیش دا بەیەکەوە کار بکەین.

ئەو نەورۆزی کوردەوارییە با بکەینە فستیواڵو جێژنی یەکگرتنو تێکۆشانو خەباتێکی بێوچان. بە قەولی شاعیری شۆڕشگێر مەلا ئاوارەی شەهید:

**ئەگەر یەك بینو یەك بگرین**
**دەگەڵ یەکدا بژین بمرین**
**زاڵ دەبینو سەردەکەوین**
**بەرز دەبینو نانەوین**

خۆشەویستان! خوشكو برایانی بەڕێز! هیوادارم هاوڕێیانی بەڕێوەبەری بەرنامە، بەرنامەی خۆشو شادیان بۆ ئامادە کردبنو هەر بە قسەی وشکی سیاسی مەشغوولتان نەکەن.

جەمعتان شاد بێ، نەورۆزی کوردەواریتان پیرۆز بێ، نەورۆزی ڕزگاریتان نزیك بێو هەر بژین.




**درێژەی**

# پەیامی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی ٦٠ ساڵەی شەهید بوونی پێشەوا و هاوڕێیانییەوە

پێشەوا قازی سەرەڕای ئەوەی لە زۆر بارەوە گەلێك بەرزتر لە هاوکارو هاوڕێکانی بوو، بەڵام هەموو کات بۆ دارشتنی بەرنامەی کارەکان ڕاوێژی دەگەڵ دەکردن. لەو کاتەدا کە عەشایر لە لایەك خەریکی هێرش بۆ سەر شاری مەهاباد بوون، ئەرتەش خەریکی هجووم بوو، جەبهەکان لە سەردەشتو سەقز خەریکی چۆل کردن بوون، هێزی بارزانیەکان لە سەر قەراری پێشوو خۆیان ئامادە دەکرد بۆ دەرچوون لە شاری مەهاباد، پێشەوا جەماعەتێکی زۆری خەڵکو فەرماندەو بەڕێوەبەرانی کۆماری لە مزگەوتی هەباس ئاغا کۆکردەوە تا تەکبیریان پێبکا و بایەخ بۆ ڕاو نەزەریان دابنێ.

لە هەلومەرجی ئەو کاتی کۆماردا پێشەوا باوەڕی بە یەك نەتەوە بوونو یەك پارچەیی خاکی کوردستان هەبوو، تەنانەت بەر لەو کاتیش دەگەڵ حیزبو کەسایەتییە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان پەیوەندیی هەبووە. بەشداریی نوێنەرەکانیشیان بە تایبەتی لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمارداو هەروەها کارسپاردنی بێ فەرق و جیاوازی بە گوێرەی لێهاتوویی بەو کەسانەی لە لاوەرا هاتبوون بەڵگەی بەر چاوی ئەم بۆچوونە بوون.

قازی محەمەد بەو تایبەتمەندییە بەرچاوانەیەوە بوو بە سەرکۆمار، وەفاداری بەو سوێندەی خواردی، ئەو کارە گرینگو بە بەرهەمانەی لەو ماوە کورتەدا لە چوارچێوەی حیزبو کۆماردا ئەنجام دران، بوونە هۆی ئەوەی وەك ڕێبەرێکی مەزنو سەرکۆمارێکی فیداکارو کارێزما بناسرێو دوای شەهید بوونیشی ساڵ لە ساڵ زیاتر بە پێی چوونە سەری ڕادەی هەستی نەتەوەیی لە دڵی هەموو کوردێکی خاوەن هەستو نیشتمانپەروەردا جێ بگرێو ببێتە ڕەمزی کوردایەتیو خەبات.

ئەمڕۆ کە یادی ٦٠ ساڵەی لە سێدارەدانی پێشەوا قازیو هاوڕێیانی دەکەینەوەو هەر وەك گوتمان لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوییشەوە ئەمڕۆژە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ناودێر کراوە بۆ ئەوە نیە فرمێسك هەڵ ڕێژین. قەدر گرتنی پێشەواو هاوڕێکانیو سەرجەم شەهیدان لەوە دایە لە لایەك بۆ ڕێزگرتن لە گیانبازیو خۆبەخشینیان بچنە سەر گڵکۆیانو لە هەموو شوێنێك سەردانی بنەماڵەی شەهیدان بکەینو پەیمانیان دەگەڵ نوێ کەینەوە کە بە ئامانجە پیرۆزەکانیان وەفادار بینو درێژەدەری ڕێگایان بینو بە بەرپرسایەتیی تەواوو هەستی پاکی کوردایەتی بۆ وەدی هێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانیان تێکۆشینو شێلگێرانە خەبات بکەین.

لە لایەکی دیکەوە پێویستە خەسڵەتە بەرزە ئینسانییەکان وەك مرۆڤدۆستی، دێموکراتمەنشی، نیشتمانپەروەریو خۆبەختکەریی پێشەواو هەموو شەهیدان لە پێناوی گەل دا بکەینە سەرمشقو ئەوەندەی دەتوانامان دایە بۆ یەکریزیو یەکبوونی کوردان هەوڵ بدەینو تەجرەبە تاڵەکانی سەرچاوە گرتوو لە ناتەباییو ناکۆکی دووپات نەکەینەوەو ڕێگە بە هیچ کەسو تاقمێك نەدەین بۆ مەسڵەحەتو مەوقعیەتی تاك و گرووهیی خۆی یاری بە چارەنووسی نەتەوەکەمان بکەنو بۆ گەیشتن بە هێندێك بەرژەوەندی کاتی چاو لە مافی نەتەوەییو ئاخی باب و باپیرانمان بپۆشنو لە بەرانبەر زۆردارانی شووێنیست دانوێننو تەسلیمی بۆچوونی شووێنیستانەیان بن.

پێویستە بڕوامان بە مێژووی دێرینی خۆمان هەبێ، دۆستو دوژمنی خۆمان باش بناسین، وریاتر لە پێشوو بین تا هەڵەکان دووپات نەبنەوە.

ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دوژمنی سەرەکیی خۆمانو هەموو گەلانی ئێران دەزانینو لە سەر ئەو بڕوایەین کە بۆ ڕووخانی ئەو ڕێژیمە دەبێ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بەگشتیو هێزە کوردستانییەکان بەتایبەتی دەست بدەنە دەستی یەكو خەباتی شێلگیرانە درێژە بدەن تا کۆتایی بە حاکمیەتی نگریسی ئاخوندە کۆنەپەرستەکانی پشتیوانو هاندەری تیرۆریستان بێننو بەکردەوە دێموکراسیی واقیعی لە ئێران دا جێگیر بکەنو لە چوارچێوەی حکوومەتێکی فیدراڵ دا مافی هەموو گەلانی بەشخوراوو چینو توێژە چەوساوەکان دابین بێو ژیانی پر لە خۆشیو ئاسایش بۆ هەمووان دەستەبەر بکرێ.

لە شێستەمین ساڵوەگەڕی شەهید بونی پێشەواو هاوڕێیانی دا ئێمە کادرو پێشمەرگە، ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڵێن دەدەین درێژەدەری ڕێگای خەباتی ڕەوایان بینو هەتا ماوین لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیان تێ کۆشین.

**سڵاو لە گیانی پاکی پێشەوا قازی محەمەد سەرکۆماری کوردستان و هاوڕێکانی**

**سڵاو لە یادی هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان**

**بەر قەرار بێ ئامانجی بەرزی شەهیدانی کوردو کوردستان**

# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# وەیشوومە

**باوکی دیا**

ئەیٚ خزمینە شەو بوو یان ڕۆژ! ئێستاش کەس نەیزانی!
هێشتا باو باوێنی مانگو ئەستێرە بە ئاسمانەوە مابوو.
هێشتا شیرین خەو دەستی لە ئامێزی شەوگاری پرکارەسات بەرنەدابوو. سەوزە بزەی سەر لێوی ئاونگی بە دزی لە باخەڵی کولێچەسوورەکەی حەشار دابوو. هێشتا خەیاڵ دەمی لە دەمی ئاسۆ نەنابوو. خەون بە تاڵ نەببوونەوە. ڕۆژ بەڕێوە بوو بەڵام چەند فرسەخی مابوو هەنگاو بنێ و وچان لە سەر زاوا بووک بداو بەیانی باش بە قوێیی مەولەوی و پردی سوور بڵێ. ئەوە چووو رابرد ئێستاش کەس نەیزانی شەو بوو یان ڕۆژ ...

ئاش بەتاڵی شەوگەڕ بە سیمای کوڵانی تەسک و تەنگەبەری شاری مەهابادەوە دیار بوو. کزە بایەکی سارد خەڵووزی ئاگری پڕ لە تین و گڕی نەورۆزی بەدەم و چاوی خانووبەرە و چوارشێرە ساردو سڕەکە دا دەدا.

دامریەم سەری بە هەنیسکانەوە هەڵدەکەندرا، ئاخر لەبەرەبەری نەورۆزدا ڕەشبەڵەکی شۆڕەلاوان و تەرزە گەنجانی دیبوو کە تەپ و تۆزی بەرپێیان گەیبووە کەشکەلان. سەرچۆپییکێشی ئەم داوەتە ڕۆڵە تاقانەکەی بوو کە ئەمجارە دیار نەبوو. ئەم هەموو شایی و شادییە لێی ببوو بە گەرمەشین. پێی هەڵدەگوت، دەلۆرایەوە و باڵابەژنێکی نیانی لە دەنگو سۆزو هەستو خۆشەویستی بە بەژن وباڵای شۆڕەلاوە تاقانەکەی دابڕیبوو. نەیدەوێرا دەنگ هەڵبڕێ، چون ئەم نەورۆزەش تاقانە سەرسالی جەژن و شایی کورد بوو...

لەپڕ ناڵەیەکی بیست. دەنگێکی پڕ لە کوڵ و کۆ دەتگوت کزەبای سپێدە هێناویەتی و بە دەلاقەی گلێنەی ماڵە ساردو سڕەکەی دا دەدا. گوێی هەڵخست وایزانی بەرەبەیانیش لەگەڵ ئەو دەگری و دا مریەم کزەباو بەیان و سەوزە و نەورۆز گەڕەلاوژیانە. لە هەناسەکەی تووڕە بوو نەیدەهێشت گوێرایەڵی ئەم دەنگە بەسۆزو ئەم ناڵە بە کوڵە بێ. هێدی هێدی هەستا سەرپێ و بە کۆمە کۆمە چووە بەر دەلاقەکە. دەنگەکە هات و نزیک دەبۆوە و لە پڕ دوور دەکەوتەوە.

لەبەرخۆیەوە گوتی: ڕەنگە چ باس نەبێ دەنا بە تەقەی دەهۆڵ و زورنا جاریان دەکێشا و شاریان ئاگادار دەکردەوە. دەستی لە ڕزۆکی کردە ئەستوندەگی چەناگەی و گوێی هەڵخست و لەبیرەوە چوو... ڕەنگە هیچ باس و خواستی ناخۆش لە گۆڕێ نەبێ. ئاخر بڵێی کەس بەم نەورۆزەو بەم جێژنەو بەم بەیانە هەبێ دڵی لە دڵی ئەو بکاو بە قەت ئەو پەژارەی نادیاری بێ؟

زۆر سەیر بوو. ئەم کزە با شێت و سەر لێشێواوە ببووە دەنگەوەری ئەم ناڵەیە و بێروبەوییدا دەدا. ئەم بەیانییە وەک ڕۆژان نەبوو. خونچەگوڵی دەساوا لە ژێر پەلکی نوێ ڕستە خۆی مڵاس دابوو. وەنەوشە کەسیرە ببوو. ناڵە ناڵ وردە وردە نزیک دەبۆوە، مەی خۆرەوە هەستابوو پەرداخە ئاوی بەیانی بخواتەوە. هەرچەند ڕۆژ لە سەرەخۆ جێی بە تاریکە شەو لێژ دەکرد بەڵام شوێنەواری ڕووناکی بەدی نەدەکرا. خەفەت ئاسمانی تەنیبوو...

ئەمجارە وردە وردە دەنگ لێک دەبوونەوە و دامریەم دەیزانی چ باسە. ئەم ناڵەو کرووزانەوە چیەو دەڵێ چی؟

... هەستی ڕاگرت. مرتەقی لەخۆ بڕی. ماڵە بێسۆو بێ دەنگەکەی ئەوەندە وسکووت ببووو کە بەند بە بەندی ناڵەو هاوار لە سووچی ماڵەکەی دەگەڕا..

... وەی لە منی ... وەی لە بەختی منی

ئەوە بەهارەو بەهارێکی لەمن بەگری و بەلایە. سەیری خۆ دەکەمە بناران، کەویان، نیساران، پەساران ناوەڵڵا دەشتان و مێرگو چیمەنان تێیدا سیس بوونەوە گەلایە، ئەوە دیسان ڕۆژ لەبنەی زاوابووکێ دێتەوەدەرو شەبەقی خۆی دەداتەوە لە بلیندو نەوی یان.

بەڵام لاییم گاتێ نابینی شەنگە باڵای بەرزی ئەوێ ئالایە.

ئای... وەی لەمن ... وەی لە منی پەت لە ملی دڵ بە نەهاتێ.

ئەوە زەینی خۆم دەداوە دەشتی سندووس و کەونەلاجانێ، شارەوێرانێ ناوەڵڵا قەڵاکەی دەمەهاباتێ، سوورە گوڵی دەساوام دەدیتێ باڵیان شۆڕ دەکردەوە لە زەبری ئەوێ خەبەرێ.... ئەوێ کارەساتێ.

دەشەوەی شقاقی لەمن ڕانەبرد بەبێ ترس و ئەندێش و ناوەڵڵا بەوێ هاتەهاتێ.

ئەوە زەینی خۆم دەدایە تەپکی تابانی، تەقەدارێ، مەیدانەکەی چوارچرایە.... ئەوە بەژنێ شۆڕەسوارانم بەدارێوە کرابوون، هەرچی دەکەمو دەکرێنم دەستم نایگاتێ.

وەیرۆ خزمینە بانگم بۆ بەرن، هاوارم لەبۆ بەرێ بکەن، بلیندو نەوییان هەڵبوێرن. با هەموو وێکرا بگێڕن گەرمە شینێ، قوڕپێوانێ لەبۆ حوکمێ لەبۆ ژینێ ناوەڵڵا لەبۆ ئەوێ نەهاتێ

ئەی لەمن و وەی لەمن، هەزار وەی لەمنی بێ دەسەڵاتێ

وەی لە من... وەی لە منی بێکەسی خانەوێرانێ

ئەوە بەهارە بەهارێکی چەند لەمن ئاڵۆزە پەرێشانە، ناوەڵا گەلێکی لە من دڵ بە ئێشانێ

ئەوە زینێ خۆم دەدایە هەوار چیان، هۆبەگران، نۆبەدارو ئێشکچیان، بەریان دەداوە لفکەو لەخمیان دەدا سۆرانییە، کالانیان دەکردەوە خەنجەری دەسک، هی دەبانێ

ئەوە دەردێکم لە دڵی، نە دەردە، نەکوانە، نە برینە بەڵام هەموو حەکیم و عەتاری دەعالەمێ بەوێ دەردێ نازانێ

ئەوە سەیری خۆم دەکردو دەم ڕوانیە ئەوان بارەگایان، تەختان، فەنەران، شانشین و دیوان خانێ، هەموو ڕەش داگەڕاوە لە تاوان لە ژوورێم، نایە دەنگی فرمانێ، ناوەڵڵا ئەمر پێ کرانێ

کیژۆڵە نەشمیلانەکەی دەشاری، سەری ناوە دەهەشێ، ئاوپرژێنی نەکردیە بەر بێلاو گوێ سوانەو بەرەیوانێ

دەبانگ کەنە ئەوان چازانان، لێ زانان، پسپۆران، مەحەندەکان ... با بزانن شۆڕە سواری من ڕادەژی و پەتی نامرادی پێی دەکاتەوە جۆلانێ

ئەوە بەهارە چ بەهارێکە لە من بە بێنە بێنە

هاوارم لە بۆ بەرنە بەر خانی لەپ زێڕینە

لەوێ قەڵایە بڵێن لە دەمدمی ورە دەرێ چاو هەڵێنە، ئەوە قازییە ئازادارەکەی حوکماتی دەکردەوە لە پەنا شێری دە چوارچرایە، سێدارەی لە بۆ چەقاوە دەگەڵ برادەری دەمێرینە،

سەر هەڵێنە ڕابە خانێ من دەرکو دیواری قەڵایە بهەژێنە

دەگێڕم گەرمە شینێکی دە گەورەو گران

بۆ شەهیدی دەشتی موکریان

نە یەکن نە دوونە. ئەوان شەهیدی دەمن سێنە

***

ئەی لەمن... ئەی لە من وەی لە بەختی منی

ئەوە بەهارە، بەهاری شین و سوورو والایە

بەهاری خەڵکی سەوزە پڕ لە گوڵ و بەیبوونە

بەهاری من تێیدا نیە ڕەنگی سوورو سپی و سەوزی دەئالایە

ئەوە سێ شۆڕەسواری منیان دەکوشتن، دەبرین لە پەنا ئەوان شێران کە مەلبەندیان چوارچرایە

شێری خەڵکی دەگوڕێنێ، دەنەڕێنێ، دنیای لەبەر دێتە ئامانێ

بەڵام شێری چوارچرا کەم چ تاقە مرتەقی لەبەر نایە

وەی لەمن... وەی لە بەختی ڕەشی من

ئەوە بەهارە... چ بەهارێکە لە من بەتاقی

ئەوە کارەساتێک لە منی ڕەبەنێ ڕووی دەدا لە شەوی نەورۆزێ ناوەڵڵا لە دەشەوەی دەشقاقی

لە بۆم گاز کەنەوە فەقێی دە دارەشمانەی، مێری دە ڕەواندزێ، شاسواری دەبۆتانێ، خانزادی دەسۆرانێ، خان ئەحمەد خان و عەبدولعەزیزی دڵ بە مەراقی

بڵێ وەرن سەری خۆ ڕاکەن، سورانیان لەخمی دەن لەوان خان و میرو گەورەو سەرداری دەمەهەباتێ نەماون شتاقی

ئەوە بەهارە چ بەهارێکە لە من بە ئینجەت و مەینەت و تانێ

وەرن گەورەکان، پیاو ماقوولان، سەرداران، دەنگێ خۆ بگەیەننە یەکتری و بڵێن پێشەوای دەمە کوانێ

خەمی گەوروو گرانم لە بۆ شۆڕە سوارەکانی پڕ هەیبەت و بەدەست و بردی دە بارزانێ، کەوەتانی نازیان لێ دەشێوێ و کەس بە مەنزل و ماڵیان نازانێ

هۆ خەڵکینە، خزمینە، عالەمینە وەرن سەیرێ خۆ بکەن و زەینێ خۆ بدەنەوە ئەوێ حوکمەتێ، ئەوێ تەلارێ، ئەوێ شارێ

لەوێ بەهاری دەجوان و خەملیو لەجیاتی بارانی پەلەی، هەوری گریەو خۆ ڕنین و داماوییان بەسەردا دەبارێ

بریا بە بریای خودا با نەمدیبا بەرەبەیانی نیسانی و مردبام لە بەرەبەری ئەوێ مانگی ئادارێ...

***

هەروا حەیران دەیگوت و دەلاڵەوە... دامریەم بسکی سپیی هۆندەوە چارۆکەی لەشان کردو هاتە دەر...

دەنگەکە وردە وردە دوور دەبۆوە. دامریەم خۆی سازداو هەرچی هاواری لە گەروو دابوو کردیە ڕستەیەک و چریکاندنی...

ڕاستە پێشەوا نەماوە بەڵام هەرچی خۆ بە کورد دەزانێ ڕێرەوی پێشەوایەو نایەڵێ دانەوێ ئەو ئالایە...



بەبۆنەی ٦٠ ساڵەی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەمەدو هاوڕێیانی

# ١٠ی خاکەلێوەو سێ دەرسی مێژوویی



برایم جەهانگیری ـ کانادا

لە مێژووی گەلانی جیهان دا هێندێ رووداو هەن کە لە لایەن حیزبو لایەنە سیاسییەکان ، کەسایەتی‌یە سیاسییەکان، نووسەران‌و رۆژنامەوانان سەرنجی تایبەتی دەدرێتێ. لە گوشەیەکی بچووکی ئەم جیهانەش دا رووداوێکی گەورەی مێژوویی سەرنجی زۆر کەس و لایەنی بۆ لای خۆی راکێشاوە، لە نووسەرو رۆژنامەوانی نێوخۆیی و رێبەری حیزبە سیاسییەکان را بگرە تا دەگاتە دیپلۆمات‌و نووسەرانی بیانی، دەیان بابەت‌و کتێبیان لە سەر نووسیوە. تەنانەت دوژمنانیش نەیان توانیوە لە گەورەیی‌و عەزەمەتی ئەم رووداوە کەم بکەنەوە. ئەو رووداوە گەورەیە "کۆماری کوردستان"ە کە لە ساڵی ١٣٢٤دا لە ژێر رێبەریی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا ، بە سەرۆک کۆماریی پێشەوای نەمر قازی محەممەد لە چوار چرای مەهاباد راگەیەندرا، کۆمارێك کە لە ماوەی نزیك بە ١١ مانگ تەمەنی پڕ لە سەروەریی خۆی دا خاڵێکی دیارو وەرچەرخانێکی گرینگی مێژوویی بوو بۆ دۆزی رەوای گەلی کوردستان.

تەمەنی کۆمار گەلی کورت بوو، ٣٣٠ رۆژی زیاتر تێپەڕی نەکرد کە بە پیلانی داگیرکەران بە فەرمانی دۆستانی مەسلەحەت‌ویست‌و بە خەیانەتی بەشێك لە کارگێڕانی ئەسڵیی کۆمار واتە هێندێك لە دەرەبەگو سەرۆك عەشیرەتەکان، هەرەسی هێناو ئەو ئەستێرە گەشەی هیوای کوردان خامۆش کرا. ئەگەرچی بە تێك شکانی کۆمارو شەهیدکردنی سەرۆك کۆمارەکەی پێشەوا قازی، خەمو خەفەت‌و تازییەباری‌و نائومێدی هەموو نێو ماڵی کوردانی نیشتمانپەروەری گرتەوە، بەڵام کاردانەوەی کۆمار لە سەر خۆزگەو ئارەزووەکانی خەڵکی‌و ئەو شەهامەتەی سەرۆك کۆمار بەرامبەر بە دوژمنانی کورد نواندی، بۆو بە بەیت‌و شێعرو پەخشان، بوو بە مێژوو، بوو بە بەڵگەی هەرمانی میللەتێك. بەتایبەتی هەڵکردنی ئاڵا وەك رەمزو سیمبولی بوونی نەتەوەیەك هەڵگری ئەو پەیامە بوو کە کورد نەتەوەیەکەو خاوەنی کیان‌و ئاڵایە. دیارە ئەم پەیامە لە لایەن پێشەواو رێبەرایەتیی کۆمار هەم بە گوێی دوژمنان گەیەندراو هەم بۆ بەرەی داهاتوو بوو بە ئەرك‌و وەزیفەیەك کە خۆی لەم رستەیەدا دەدیتەوە، تا وەدی هاتنی ئاواتەکانی کۆماری کوردستان کە ئاواتی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستانە، زەحمەتکێشان، لاوان‌و رووناکبیرانی گەلی کورد لە خەبات‌و قوربانی‌دان سڵ ناکەنەوە.

دوژمنانی ئازادی کە چاویان بەرایی دیتنی حکوومەتێکی ئازادو دێموکراتێکی نەدەدا بە هەزار درۆو دەلەسەو بە فریوو دەغەڵکاری توانیان زۆر بە ئاسانی پێشەواو هاوڕێیانی دەداو بخەن‌و دەس بەسەریان بکەن‌و پاشان لە دادگایەکی فەرمایشی‌داو بێ ئەوەی وەکیلێك بتوانێ دیفاعیان لێ بکا بە ناو موحاکەمە کران‌و پاشان لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦دا لە چوارچرای مەهاباد حوکمی ئیعدامیان لە سەر پێشەوا قازی‌و حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی‌و سەدری قازی بەڕێوە برد. ئەگەرچی تا ئێستاش هیچ سەرچاوەیەکی ئەوتۆ لە چۆنیەتی بەڕێوە چوونی دادگاو مەحاکەمەی قازییەکان لە بەر دەست دا نیە، بەڵام هەر بە پێی ئەو سەرچاوانەی کە تا ئێستا لە لایەن دەسەڵاتدارانی رێژیمی پاشایەتیی ئەو کات دا دراونە دەرێ دەردەکەوێ کە پێشەوا زۆر ئازایانە بەرەنگاری پیاوکوژانی رێژیمی پاشایەتی بۆتەوە.

د. قاسملوو لە کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی لەم پێوەندی‌یەدا دەڵێ:" پێشەوا قازی لە رۆژەکانی یەکەمی شکانی کۆماری کوردستانەوە دوو مەسەلەی زۆر چاکی لە بەرچاو بوو: یەکەم ئەوەی کە باش دەیزانی مردن چاوەڕوانیەتی، تاقی کردنەوەی چەندین ساڵ خەباتی گەلی کورد بۆی دەرخستبوو کە دەگەڵ دوژمنێکی زۆردارو فێڵباز تێکەوتوە کە بە خوێنی ئەو و هی وەك ئەو تینووە. هەر بۆیەش لە یەکەم رۆژی گیرانی را تا دادگا فەرمایشییەکەی تێکۆشا کە خۆی بە بەرپرسی هەموو رووداوەکان‌و هەموو هەنگاوەکانی کۆماری کوردستان لە قەڵەم بدا. قازی دەیەویست بەم جۆرە هەم بە رێگاو ئامانجەکانی گەلی کورد وەفادار بمێنێتەوەو هەم ئەوەندەی دەکرێ لە تاوانی هاوڕێیانی کەم کاتەوە تا بەڵکوو کەمێك سزایان سووکتر بکات.

دووهەم ئەوە بوو کە پێشەوا قازی زۆر باش دەیزانی کە ئەوە شەخسی قازی محەمەد نیە بەڵکوو جووڵانەوەی دێموکراتی خەڵکی کوردستانە کە دادگایی دەکرێ.ئاوات‌و ئامانجەکانی کۆمەڵانی زۆرلێکراوی گەلی کوردە کە دادگای نیزامی بە تاوانیان دادەنێ. هەر بۆیەش وەك رێبەرێکی هەڵکەوتوو بەرامبەر بە جەللادە خوێنمژەکانی رێژیمی شا قارەمانانە راوەستاو دیفاعی لە کۆماری کوردستان کرد."(١)

لە بارەی ئازایەتیی پێشەوا لە بەردەم بێدادگای رێژیمی پاشایەتی‌دا گەلێ باس‌و خواس هەن‌و هەموو هەر باس لە ئازایەتی‌و چاونەترسیی پێشەوا دەکەن لە بەرامبەر دوژمنانی ئازادی‌دا. سەرهەنگ شەریفی کە حکوومەت کردبووی بە وەکیلی قازی محەمەد لە دادگا دا، ساڵی ١٩٥٦ هێندێ راستیی خستۆتە روو و دەڵێ:" بە داخەوە بۆ قازی محەممەد ئەو پیاوە گەورەو دانایە، قازی محەمەد لە بەر دەم دادگادا بەو پەڕی ژیری‌و بێ ترس دەدوا. لە راستی دا ئەوە ئەو بوو دادگای دادگایی دەکرد"(٢) دیارە مەبەستی لەو رستەیە ئەوەیە کە لە جیاتی داگیرکەران قازی دادگایی بکەن قازی ئەوانی دادگایی دەکرد. هەر لەو بارەوە وەکیلی پێشەوا دەڵێ کە قازی نەتەنیا دیفاعی لە گەلی کورد بەڵکوو دیفاعی لە تێکڕای گەلانی ئێران دەکرد. ئەو وەکیلە کە خۆی یەکێك لە ئەفسەرانی سوپای ئێران بووە مەحکەمە بۆ خۆی ئەوی بۆ وەکیلی پێشەواو هاوڕێیانی دیاری کردبوو، لە جێگەیەکی دیکە و لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێ ئەو قارەمانانە بەرگرییان لە کێشەو بیرو باوەڕی خۆیان دەکرد، بە جۆرێك کە دادگا سەر سام ببوو. ئەوان هەرگیز لە کردەوەکانی خۆیان پەشیمان نەبوون.(٣) لە بارەی بەشێکی کەم لەو رووداوانەی کە هەڵسوکەوتی پێشەواو هاوڕێیانی لە بێدادگەی رێژیمی پاشایەتی‌دا دەردەخەن هەموو دەلالەت لە ئازایەتی‌و چاونەترسیی رۆڵەکانی گەلی کوردو یەکەم پێشەواو سەرکۆماری کوردستان و هاوڕێیانی دەکەن، هەر بۆیەش تەنانەت لە کاتی شەهیدکردنیشیان دا ئەو کارە لەو پەری ترسنۆکی دا دەکەن‌و بەدزی بە بیانووی بەڕێ کردن بۆ تاران سەعات ٣ی نیوی شەو دەیانهێننە شارەداریی مەهاباد. کاتێك پێشەوا چاوی بە دارە ئێعدامەکان (قەنارە) دەکەوێ دەست بەجێ دەزانێ چ باسەو کاتێ دێتە سالۆنی شارەداری‌و چاوی بە پارسی تەبار دەکەوێ دەڵێ ئێوە لە مردووەکانیشمان زەندەقتان چووە . ئەگەر دەتانهەوی ئێعدامەمان بکەن بۆ بەدرۆ دەڵێن کە گۆیا رامان دەگوێزنەوە تاران. وەك دەر دەکەوێ درۆزنی‌و دووروویی یاسای ئێوەیە. (٤) دیارە لە بەرچاوی پارسی تەبارە قازیی یەکەم و بەڕێوبەری بێدادگای پێشەواو هاوڕێیانی پێشەوا دووبارە روو دەکاتە مەلا سەدیق و بە فارسی دەڵێ بنووسە مەلا سەدیق با نەتەوەی کورد بزانێ کەمن تا ئاخرین هەناسەی ژیانم هەروا رۆڵەی بە وەفای ئەو گەلە بووم. (٥) ئەوەی تا ئێستاو زۆر بە کورتی لەمەڕ مەحاکمەو لە دار دانی پێشەواو هاوڕێیانی سەیفی قازی و سەدری قازی باسی لێوە کرا، یەکەم دەرسە کە لە سەرۆکێکی نەتەوەیی بۆ گەلەکەی بەجێ ماوە.

ئەگەرچی دوژمنان پێیان وایە کە بە شەهیدکردنی گەورەپیاوانی مێژووی پڕ لە شانازیی گەلەکەمان دەتوانن دەنگی گەل کپ بکەن. بەڵام خوێنی شەهید ئاو نیە ئاگری شۆڕش بکوژێنێتەوە. قارەمانانی گەل‌و نیشتمان بە فیداکردنی گیان لە کاتی پێویست لە رێگای میللەت دا گەورەترین زەبر لە پەیکەری داگیرکەرانی کوردستان دەوشێنن و بەو لەخۆبردوویی‌یەشیان بۆ هەمیشە دەچنە ناو دڵ‌و دەروونی گەلەوە. هەر بۆیە ئێستا کە زیاتر لە نیو سەدە بە سەر شەهید کردنی سەرۆك کۆماری کوردستان و هاوڕێیانی دا تێدەپەرێ ئەوان رۆژ دەگەل رۆژ هەر خۆشەویستترن تا ئەو جێگایەی کە ئێستا ئیدی بوون بە سمبولێکی نەتەوەیی.

دووەمین مەسەلە کە پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە ئەوەیە کە بەداخەوە کەسانێکی هەلپەرست تەنها بۆخۆشیرین کردن لە لای کاربەدەستانی رێژیمی پاشایەتی زۆر زوو پشتیان دە وەعدەو بەڵێنەکانی خۆیان کردو نە تەنیا پێشەوایان بەجێ هێشت بەڵکوو لە دژی ئەو مرۆڤە مەزنە کەوتنە پیلانگێڕان‌و ئیمزاکۆکردنەوە. ئەوان بەو کارەیان هەتا مێژوو هەیە خۆیان‌و تەنانەت بنەماڵەکانیشیان شەرمەزاری گەلی کوردستان کردوە . ئەگەرچی بنەماڵەی ئەو کەسانە لە راستی‌دا هیچ پێوەندییەکیان بە رەفتاری خراپ‌و هەڵوێستی خیانەتکارانەی پێشینیانی خۆیانەوە نیە. ئەوەش بۆ لێوردبوونەوەو هەڵوێستە دەبێ کە ئێستا نە پێشەوا ماوە و نە زۆربەی ئەو کەسانەی کە بۆ ئەوەی خۆیان لە لای دەربار خۆشەویست بکەن لە دژی پێشەوا تۆماریان ئیمزاکردو پیلانیان گێڕا. بەڵام قازی بوو بە قارەمانی میللەتەکەی خۆی و ئەوانیش قەرزدارو گوناهبار (بۆ زانینی ناوەکان بڕوانە کتێبی نهێنی‌یەکانی مەحاکمەی قازی و هاوڕێیانی، گردەوەکۆیی‌و وەرگێرانی محەمەد رەزا سەیفی قازی).

لە کەس شاراوە نیە کە یەکێك لە هۆیەکانی پێکهاتنی کۆمار ئەو هەلومەرجە نێودەوڵەتی‌یە بوو کە بە هۆی شەڕی دووهەمی جیهانی‌یەوە لە ئارادا بوو و شوێنیشی لە سەر کوردستان‌و ناوچەکەش دانابوو. یەکەمین پاڵپشتی دەرەکیی کۆمار یەکیەتیی سۆڤیەت بوو. بەڵام ئەوەی لە پێش هەموو کەسیش دا پشتی لە کۆمار کردو دەگەڵ قەوام سەرۆك وەزیرانی ئەو کات دا کەوتە سات‌و سەوداو هیچ گوێی نەدایە ئەو بزووتنەوە بە هێزە کە بەر لە هەموو شتێك دژە دیکتاتۆری‌و دژە ئیستیعماری‌و بە گشتی دژە ئیمپریالیستی بوو. یەکیەتیی سۆڤیەت بەو کردەوەی بە کوردانی سەلماند کە دۆستانی دەرەکی، لەوی هەرە شۆڕشگێڕیان تا ئەوی هەرە خۆپارێز، هەتا سەر دۆستی کوردان نین‌و هەر کات قازانج‌و بەرژەوەندییان دەگەڵ دۆستایەتی یەکی گرتەوە ئەوا دۆستن‌و کاتێکیش لە جێگایەکی دیکە سەوداو مامەلەیەکی باشتریان بۆ هەڵ کەوت ئەوا دۆستایەتی‌یەکە نامێنێ. ئەوە بوو کە بۆ سەودایەکی بچووکی بازرگانی، گەلێك‌و نەتەوەیەکیان جارێکی دیکە بە ژێردەستەیی هێشتەوە. هەر بەلەبەرچاو گرتنی ئەو هۆیانە بوو کە پێشەوا هەستی بەوە کرد دیفاع کردنی چەکدارانە فایدەی نیە. رەنگە تەنیا ببێتە هۆی وێرانی‌و ماڵوێرانیی زیاتر، دەنا شتێکی دیکەی لێ شین نەدەبوو. ئەوە بوو کە بە راوەستان‌و مانەوە لە پێتەختی کۆمار دا بە پیل مەرگێکی پیرۆزەوە چووو بەم کارەش هەم رێگایەکی نوێی بۆ خەبات‌و بەرخودان نیشانی گەلی خۆی داو هەم بەم شێوەیە پێشی بە تۆڵە ئەستاندنەوەی دەسەڵاتی قین لە دلی رێژیمی پاشایەتی بەرامبەر بە گەلی کورد گرت. دیارە کۆمارو سەرۆك کۆمارەکەی بناخەی فکرو فەلسەفەیەکیان دانا کە تازە بە هیچ هێزو بە هیچ لایەنێك لە مێشکی کوردان دا نەیەتە دەر. کورد نەتەوەیەو خاوەنی ئاڵاو خاوەنی مێژووی دامەزراندنی یەکەم کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستانە. پێشەوا لەو کاتەدا کە دوژمنانی ئازادی بەرەو سێدارەیان دەبرد پاش دانی ئەو دروشمە بە هەنگاوی بەگوڕ روو بە سێدارەی بێدادی دەچێ‌و کاتێ دەیانهەوێ چاوی ببەستن دەڵێ" ئەی خائینان من لە بەرامبەر میللەت‌و نیشتمانەکەم دا شەرمەزار نیم تا چاوم ببەستن... من دەمهەوێ لە دوا لەحزەکانی ژیانم دا بە سەربەرزی‌و شانازی‌یەوە چاو ببڕمە نیشتمانە خۆشەویست‌و جوان‌و دڵڕفێنەکەم کە چۆن بەرۆکی شەوەزەنگ و تاریکی دادەدرێ".(٦)

**سەرچاوەکان:**

١ــ چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی ل ١١٩ ، د. قاسملوو

٢ـ بارزانی لە مەهابادەوە........ بۆ ئاراس، ژێرنووس ،ل ٢١١ نووسینی نەجەف قولی پەسیان، وەرگێر شەوکەوت شیخ یەزدین

٣ــ هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەرە

٤ـ نهێنی‌یەکانی مەحاکمەی قازی‌و هاوڕێیانی، گردەوە کۆیی‌و تەرجەمەی محەمەد رەزا سەیفی قازی، ل ٧٠

٥ـ سەرچاوەی پێشوو هەمان لاپەرە

٦ــ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣



قازی محەمەدو ئەندامانی کابینەی کۆمار

**بەیاننامە**

## لەسەر بڕیاری تازەی ئەنجومەنی مافی مرۆڤ

ئەنجومەنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیارێکی چاوەڕوان نەکراوو هیوابڕ کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە لیستی دەوڵەتانی ژێر چاوەدێریی ئەو ئەنجومەنە هێنایە دەرو بەو پێیە لە روانگەی ئەنجومەنی مافی مرۆڤەوە لەمەو دوا رێژیمی ئێران گومانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤی لەسەر نیەو پێویست ناکا بخرێتە ژێر چاوەدێریی بەردەوام‌و هەر بۆیەش پارێزەرانی مافی مرۆڤ دەبێ رێگایەکی سەخت‌و دوورو درێژ ببڕن تا بەو ئەنجومەنە بسەلمێنن کە رێژیم پێشێلکەری مافی مرۆڤە.

بڕیاری ئەنجومەن لە کاتێك دا دەرچوو کە تەنیا سێ‌رۆژ لە بڕیاری ژمارە ١٧٤٧ی ئەنجومەنی هێمنیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامە ئەتۆمی‌یەکانی ئێران دا تێ‌پەڕیبوو، بەرنامەیەکی کە نەك هەر لە نێوخۆی وڵات بەڵکوو لە رادەی ناوچەیی‌و جیهانی دا مەترسیی بۆ سەر مافی مرۆڤ و ئاشتی‌و ئازادی‌و هێمنی‌و دامەزراوی پێك دێنێ. ئەو بڕیارە لە حاڵێك دا دەرچووە کە لە ئێرانی کۆماری ئیسلامی دا پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا درێژەی هەیە: ژنان بە مرۆڤی پلە٢ دەناسرێن‌و لە زۆر مافی کۆمەڵایەتی کە بۆ پیاوان بەڕەوا دەزانرێن بێ‌بەشن. ئازادی‌یە دیموکراتی‌یەکان بە شێوەی سیستماتیك دەخرێنە ژێر پێ، هەموو رۆژێ رۆژنامەنووسان‌و ئەهلی قەڵەم دەکەونە ژێر لێپرسینەوەو زیندان‌و بێ‌بەشی لە مافی رۆژنامەنووسی‌و رۆژنامەو گۆڤارەکانیان دا دەخرێن‌و گەلانی زۆرلێکراوی ئێران هەر لە مافە ڕەوا نەتەوایەتییەکانیان بێ‌بەشن.

کەوایە دەرچوونی بڕیارێکی وا سەیرو سەمەرە لە لایەن شووڕای مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پێش ئەوەی نیشانەی باشبوونی وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێران دا بێ، نیشانەی بێ پرەنسیپیی بەشێك لە ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەیە کە لە حاڵی حازردا بەشێکی زۆر لەوان نوێنەرانی وڵاتانی جیهانی سێیەمن، وڵاتانێك کە وەزعی مافی مرۆڤ لەوان دا باشتر لە ئێران نیەو لە هێندێکیان دا رەنگە خراپتریش بێ.

ئەو بڕیارە پێش ئەوەی بە سەرکەوتنێك بۆ رێژیمی ئیسلامیی ئێران بژمێردرێ دەبێ بە شکان‌و ناکامی‌یەك بۆ مافی مرۆڤو پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە ئێران داو تەنانەت بۆ ئەو ئەنجومەنە خۆشی دابنرێ. هیوادارین بڕیاری تازەی ئەنجومەن، تێکۆشەرانی بواری پارێزگاری لە مافی مرۆڤی ئێران‌و رێکخراوەکانی دیکە لایەنگری مافی مرۆڤ لە رادەی جیهانی دا لە ئەرکە ئینسانی‌یەکانیان سارد نەکاتەوەو وەك جاران‌و شێلگیرانەتریش بۆ لەقاودانی نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی‌و سیاسەتە دژی ئینسانی‌یەکانی لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤ دا تێ بکۆشن. ئەو بڕیارە نادروستە نابێ هیچ کەس‌و لایەنێك لە سەر نێوەرۆکی نا دێموکراتێکی کۆماری ئیسلامی دوچاری گومان بکا.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**١٣٨٦/١/٧ (٢٠٠٧/٣/٢٧)**

شەهید نەمرە وەکوو شاخ،....

# شەهیدانی سەردەمی کۆماری کوردستان

ئامادە کردنی: عەلی بداغی

ئەگەرچی دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە هەرکام لە قۆناغەکانی خەباتی نەتەوایەتی‌دا بەرهەمی خوێنی شەهیدان‌و فیداکاری‌و گیانبازیی رۆڵە ئازاکانی ئەم نەتەوەیەیە، بەڵام ناوی زۆر پێشمەرگەو رۆڵەی بەجەرگی گیانبەختکردووی ئەو گەلە لە کاروانی نەمرانی گەل دا ون‌و نادیارە. دیارە هۆیەکەشی بۆ سەردەمی سەختی خەباتی کوردو دۆخی دژواری بزووتنەوەی سیاسی‌و کەمتەرخەمیی هێزە سیاسییەکان لە تۆمار کردنی ناوی شەهیدان‌و بەسەرهات‌و یادو یادوەریی ئەوان دەگەڕێتەوە.

ئەوەی پێوەندیی بە بزووتنەوەی کورد لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە هەیە، ئەوەیە کە لەم قۆناغەی خەباتی گەلی کوردیش دا زۆر لە پێشمەرگەکان لە بەرەکانی شەڕ یان دوای رووخانی کۆمار لە زیندانەکانی رێژیمی پاشایەتی دا شەهیدو لە سێدارە دراون، بەڵام قورسایی‌و کۆستی گەورەی وەک لە سێدارەدرانی پێشەوا قازی محەمەدو هاوڕێیانی لە چوارچرای شاری مەهاباد، ناوو یادەوەریی شەهیدە سەربەرزەکانی دیکەی کاڵ کردۆتەوەو بەرە بەرە خەریکە تۆزی فەرامۆشییان لێ دەنیشێ. هەر بۆیەش بەرز راگرتنی ناوو یادەوەریی ئەو شەهیدە سەربەرزانە ئەرکێکی نەتەوەیی‌و پڕبایەخە.

لێرەدا هەوڵ دەدرێ ناوی شەهیدانی سەردەمی کۆمارو شوێن‌و رێکەوتی شەهیدبوونیان بخرێتەوە بیرو یادێکیان لێ بکرێتەوە. بەڵام لەوانەشە ئەو ئامارە تەواو نەبێ‌و تێکۆشەرانی دیکە لە بەرەکانی شەڕ یان دواتر لە زیندانەکانی رێژیمی پاشایەتی دا شەهید بووبن‌و ناویان تۆمار نەکرابێ.

١ـ عەولای مینە خالندی خەڵکی مەهاباد یەکەم شەهیدی بزووتنەوەی کورد لەو سەردەمە دایە کە رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی لە کاتی پەلاماردانی شارەوانیی مەهاباد شەهید بوو.

٢ـ وەستا برایمی بەننا خەڵکی مەهاباد لە شەڕی دژی لەشکری رێژیم لە ناوچەی سەردەشت دا (١٣٢٥).

٣ـ کوێخا مەحموود لە شەڕ دژی لەشکری رێژیم لە ناوچەی سەردەشت (١٣٢٥).

٤ـ حەسەن خان لە شەڕی دژی لەشکری حکوومەتی تاران لە گوندی نەنیە (١٣٢٥).

٥ـ محەمەدی نانەوازادە، خەڵکی مەهاباد بە هۆی سووتانی تەیارە بە پیلانی حکوومەتی تاران ساڵی (١٣٢٥).

٦ـ خەلیل خۆشەوی، لە بەرەی شەڕی سەقز لەگەڵ لەشکری پاشایەتی (١٣٢٥).

٧ـ حەمەد ئاغای شقۆیف خەڵکی باغڵوجە لە چیای مامەشا، ساڵی (١٣٢٥) لە شەڕ لەگەڵ لەشکری حکوومەت دا شەهید کرا.

٨ـ عەلی بەگی شێرزاد لە بۆکان لە سێدارە درا (١٣٢٥).

٩ـ محەمەد خانی دانشوەر لە بۆکان لە سێدارە درا (١٣٢٥).

١٠ـ ئەحمەد خانی کەڵتەگە لە بۆکان لە سێدارە درا (١٣٢٥).

١١ـ محەمەد بەگی بابا خان بەگ لە بۆکان لە سێدارە درا (١٣٢٥).

١٢ـ مەحموود خانی تورکمانکەندی لە بۆکان لە سێدارە درا (١٣٢٥).

١٣ـ شێخ حەمەدەمین کەس نەزانی ساڵی ١٣٢٥ لە شاری سەقز لە سێدارە دران.

١٤ـ ئاغا سدیقی یازی بلاغی، ساڵی ١٣٢٥ لە شاری سەقز لە سێدارە درا.

١٥ـ عەلی ئاغای قەرەچەل، ساڵی ١٣٢٥ لە شاری سەقز لە سێدارە درا.

١٦ـ ئەحمەد خانی فاروقی، ساڵی ١٣٢٥ لە شاری سەقز لە سێدارە درا.

١٧ـ رەسووڵ ئاغای میرەدێ، ساڵی ١٣٢٥ لە شاری سەقز لە سێدارە درا.

١٨ـ حوسێن خانی کانی نیاز، ساڵی ١٣٢٥ لە شاری سەقز لە سێدارە درا.

١٩ـ عەبدوڵڵا مەتین (ناهید)، ساڵی ١٣٢٥ لە شاری سەقز لە سێدارە درا.

٢٠ـ عەلی خانی فاتیح، ساڵی ١٣٢٥ لە شاری سەقز لە سێدارە درا.

٢١ـ ئاغا ساڵح رەنگ رێژان، ساڵی ١٣٢٥ لە شاری سەقز لە سێدارە درا.

٢٢ـ پێشەوا قازی محەمەد، سەرکۆماری کوردستان رێکەوتی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی لە مەیدانی چوار چرای شاری مەهاباد لە سێدارە درا.

٢٣ـ حەمە حوسێن خان سەیفی قازی، وەزیری کۆماری کوردستان رێکەوتی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ لە مەیدانی چوار چرا لە سێدارە درا.

٢٤ـ ئەبولقاسم سەدری قازی، رۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ لە مەیدانی چوارچرا لە سێدارە درا.

٢٥ـ محەمەد نازمی، ئەفسەری بەرگریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان خەڵکی مەهاباد رێکەوتی ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی لەلایەن رێژیمی پاشایەتی‌یەوە شەهید کرا.

٢٦ـ رەسووڵ نەغەدەیی، لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان خەڵکی مەهاباد رێکەوتی ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی لەلایەن رێژیمی پاشایەتی‌یەوە شەهید کرا.

٢٧ـ عەبدوڵڵا رۆشەنفکر، لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان خەڵکی مەهاباد رێکەوتی ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی لەلایەن رێژیمی پاشایەتی‌یەوە شەهید کرا.

٢٨ـ حامید مازوچی، لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان خەڵکی مەهاباد رێکەوتی ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی لەلایەن رێژیمی پاشایەتی‌یەوە شەهید کرا.

٢٩ـ ئەحمەدی وەستا حەسەن، خەڵکی ناوچەی سندووسی نەغەدە رۆژی ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ لە نێوان نەغەدەو گوندی بالخچی کەوتە بەر دەسرێژی ژاندارمەکانی حەمەرەزاشاو سەری لە لەش جیا کرایەوە.

٣٠ـ ئەحمەد مەحموود ئیمامی (کەرشین) خەڵکی نەغەدە کە هەر لە رۆژەکانی پاش تێکچوونی کۆمار شەهید کرا.

٣١ـ هاشم هەمزەیی خەڵکی مەهاباد ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی لە زیندانی مەراغەو لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید کرا.

٣٢ـ میرزا کەریمی نازمی ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی لە زیندانی "قەسر"ی تاران، لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید کرا.

٣٣ـ مستەفا خۆشناو خەڵکی باشووری کوردستان، ئەفسەری لەشکری پێشمەرگەی کوردستان دوای تێکچوونی کۆمارو گەڕانەوەیان بۆ عێراق لەلایەن رێژیمی پاشایەتیی عێراقەوە لە سێدارە درا.

٣٤ـ عیززەت عەبدولعەزیز، خەڵکی باشووری کوردستان، ئەفسەری لەشکری پێشمەرگەی کوردستان دوای تێکچوونی کۆمارو گەڕانەوەیان بۆ عێراق لەلایەن رێژیمی پاشایەتیی عێراقەوە لە سێدارە درا.

٣٥ـ خەیروڵڵا عەبدولکەریم، خەڵکی باشووری کوردستان، ئەفسەری لەشکری پێشمەرگەی کوردستان دوای تێکچوونی کۆمارو گەڕانەوەیان بۆ عێراق لەلایەن رێژیمی پاشایەتیی عێراقەوە لە سێدارە درا.

٣٦ـ محەمەد مەحمود، خەڵکی باشووری کوردستان، ئەفسەری لەشکری پێشمەرگەی کوردستان دوای تێکچوونی کۆمارو گەڕانەوەیان بۆ عێراق لەلایەن رێژیمی پاشایەتیی عێراقەوە لە سێدارە درا.

---

# ململانێیەکی دۆڕاو

## روانینێك لە پەسندکرانی بڕیارنامەی ١٧٤٧ی ئەنجومەنی هێمنایەتی سەبارەت بە پرسی ناوکیی ئێران

عەولا بەهرامی

مل بادانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ئاست داخوازەکانی ئەنجومەنی هێمنایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و ئاژانسی نێونەتەوەیی وەزی ناوکی سەرەنجام رووبەڕوو بوونەوەی زیاترو یەکگرتووانەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی سەبارەت بەم رێژیمەی لێکەوتەوە. پەسندکرانی سێهەم بڕیارنامەی ئەنجومەنی هێمنایەتی (١٧٤٧) لە یەکەم رۆژەکانی ساڵی نوێی هەتاوی‌دا بە کۆی دەنگی ئەندامە هەمیشەیی‌و کاتییەکانی ئەو ناوەندە بڕیاربەدەستەی جیهان، ئەگەرچی وڵامێکی شیاوی سەررەڕۆیی‌و سەرکێشییەکانی ئەم رێژیمە لە بەرانبەر داخوازەکانی ئەنجومەنی هێمنایەتی دا نیە، بەڵام لە هەمان کات دا نیشانەیەکی زۆر روونی دروست بوونی کۆدەنگییەکی نێونەتەوەیی پتەوتر لە ئاست رێژیمی یاخی‌و سەرکێشی ئیسلامیی ئێران دایە.

پەسندکرانی سێهەمین بڕیارنامەی گەمارۆی رێژیمی ئیسلامیی ئێران جارێکی دیکە ئەم راستییەی لە لای کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی سەلماندوە کە پرۆگرامە ناوکییەکانی ئەم رێژیمە نەك هەر ئامانجی ئاشتیخوازانەی لە پشت نیە، بەڵکوو لە خزمەتی سیاسەتە تیرۆریستی‌و مەزنیخوازانەو دەستێوەردەرانەو دژە تەناهییەکانی ئەم رێژیمە دان. سیاسەت گەلێك کە ئەم رێژیمە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە بە شێوەیەکی زۆر راشکاوانە کاری پێ‌کردوون‌و لە سۆنگەی ئەوانیشەوە زەبرێکی قورس لە تەناهی‌و پرۆسەی ئاشتی‌و دیموکراتیزاسیۆنی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین کەتوە. هەر بۆیە لە بەشێکی ئەو بڕیارنامەیەدا بە روونی گوتراوە کە ئامانج لە گەمارۆدانی ئێران رێگەگرتنە لە دەرکەوتنی هێزە ناوکییەکان لە رۆژهەڵاتی ناڤین‌و یارمەتیی ئێران بە هێزە توندڕەوەکانی ناوچە.

دروستبوونی ئەو کۆدەنگییە لە نێوان ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی هێمنایەتی‌و بەگشتی سەرجەم وڵاتانی ئەندامی ئەو ئەنجومەنەدا نیشانەیەکی روونی دیکەی شکستی سیاسەتی دەرەکیی رێژیمی ئیسلامی‌و تەریك کەوتنەوەی هەرچی زیاتری ئەم رێژیمە لە ئاستی نێونەتەوەیی دایە. لەم بارەیەوە سەرنجراکێش ئەوەیە کە تەنانەت رووسیەو چین - دوو لە ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی هێمنایەتی - یش کە پێوەندییەکی ئابووری‌و بازرگانیی بەرچاویان لەگەڵ رێژیمی تاران دا هەیەن ئەوە بۆ دووهەمین جارە وێڕای وڵاتانی رۆژئاوایی دەنگ بە بڕیارنامەی گەمارۆی ئێران دەدەن. ئەوەش دەربڕی ئەم راستییەیە کە رێبەرانی رێژیمی ئیسلامی لە سیاسەتی کڕینی دۆستایەتیش دا تووشی شکست هاتوون‌و لە بارودۆخێك دان کە تەنانەت دۆستێکیش لە دنیای دەرەوەدا شك نابەن. لە پێوەندی لەگەڵ رووسیەدا تەنانەت کارتێکەریی بارودۆخی نێونەتەوەیی‌و بێ ئاسۆیی رێژیمی ئیسلامی گەیشتۆتە ئەو رادەیە کە ئەو وڵاتە دابین کردنی سووتەمەنی بۆ پرۆژەی ناوکیی بوشەهر - بە شێوەیەکی رانەگەیەندراو - ببەستێتەوە بە راگرتنی پرۆسەی پیتاندنی یورانیۆم‌و ملراکێشانی ئێران بۆ بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی هێمنایەتی لەم پێوەندییەدا.

جگە لەمانەش پەسندکرانی ئەم بڕیارنامەیە، کە لەودا ئاست‌و رادەی گەمارۆکان بەرینتر کراونەتەوەو دووبارە جەخت لەسەر راگرتنی پرۆسەی پیتاندنی یورانیۆم لەلایەن ئێرانەوە داگیراوەتەوە، نیشانەی شکستی کۆی ئەم سیاسەتانەیە کە رێژیم بە گومانی خۆی بۆ گوشار خستنەسەری کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی گرتونیەتەبەر. بۆ وێنە رێبەرانی رێژیمی ئیسلامی پێیان وابوو ئەگەر بەتوندی لە بەرامبەر رۆژئاوادا راوەستن، یان لە کەلێنی نێوان وڵاتانی ئەنجومەنی هێمنایەتی‌و تەنانەت لەو جیاوازییەی لە نێوان بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی رۆژئاوایی (ئورووپاو ئەمریکا) کەلك وەرگرن باشتر دەتوانن پرۆسەی دوورو درێژی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە قازانجی خۆیان کۆتایی پێ‌بێنن یان بە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە (بە تایبەت فەلەستین‌و لوبنان)و هەناردەکردنی تیرۆریستەکانی سوپای قودس بۆ عێراق‌و قووڵ کردنەوەی شەڕی مەزهەبی لە عێراق‌و.... دەتوانن بە قازانجی درێژەدانی پرۆسەی پیتاندنی یورانیۆم سەرەتی لە وڵاتانی رۆژئاوایی‌و بە تایبەت ئەمریکا وەرگرن. بەڵام دەرکەوت کە گرتنەبەری ئەو سیاسەتانەو یاری کردن بەم کارتانە لە لایەکی دیکەوە ئەم رێژیمە تووشی بەرەورووبوونەوەی زیاتر لەگەڵ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ناوچەدا دەکا. جگە لەمەش یارمەتیی رێژیمی مەزهەبیی تاران بە گرووپە بونیادگەرا شیعەکان بۆتە هۆی ئەوە کە ئەم رێژیمە لە لای زۆر لە وڵاتانی ناوچەو بەتایبەت وڵاتە عەرەبییەکان بێزراوتر بێ‌و لەو ململانێیەدا کە لە نێوان ئەم رێژیمەو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی‌دا لە گۆڕێ دایە بە قازانجی ئەمریکاو رۆژئاوا کار بکەن.

کاربەدەستە پایەبەرزەکانی



رێژیمی ئیسلامی ئەم جارەشیان وەك هەردووك جارەکەی دیکە نەك هەر هەوڵیان نەداوە گوێ لە داخوازەکانی ئەنجومەنی هێمنایەتی بگرن بەڵکوو بەر لە دەرچوونی بڕیارنامەکە لە زمان ئەحمەدی‌نەژادەوە خودی ئەو ناوەندە بڕیاربەدەستەشیان بە ناوەندێکی ناڕەوا لەقەڵەم داو دواتر لە کاردانەوەیەکی بەپەلەدا بڕیارنامەکەیان رەت کردەوە.

ئەگەرچی کاربەدەستانی رێژیمی ئیسلامی پێیان وایە بە پێداگریی لەسەر درێژەدان بە پیتاندنی یورانیۆم‌و سەرپێچی لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی هێمنایەتی‌و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەتوانێ ئەم ململانێیە بەرنەوە، بەڵام رەوتی ئاڵوگۆڕەکان ئەم جارەش دەری خستەوە کە ئەم سیاسەتە سیاسەتێکی دۆڕاوە. دەستڕاگەیشتنی رێژیمێکی سەرەڕۆو ئاژاوەچی کە بەبێ چەکی ناوکییش وەك مەترسییەك بۆ سەر تەناهی‌و رەوتی دیموکراتیزاسیۆنی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە قەڵەم دەدرێ‌و لە ئاستی جیهانی‌دا تیرۆریسم هەنارده دەکاو یارمەتیی گرووپە توندرشەوەکان دەکا، رێگەی پێ‌نادرێ. بۆیە کەللەرەقی نیشان دان‌و سەرکێشیی ئەم رێژیمە تووشی رووبەروو بوونەوەی زیاتر دەکاو دۆڕاوی ململانێکەش هەر ئەو دەبێ.

**ئەگەرچی کاربەدەستانی رێژیمی ئیسلامی پێیان وایە بە پێداگریی لەسەر درێژەدان بە پیتاندنی یورانیۆم‌و سەرپێچی لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی هێمنایەتی‌و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەتوانێ ئەم ململانێیە بەرنەوە، بەڵام رەوتی ئاڵوگۆڕەکان ئەم جارەش دەری خستەوە کە ئەم سیاسەتە سیاسەتێکی دۆڕاوە**

"لاپەڕەی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بابەتانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# نوختە گۆڕانێك لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان دا

**حوسێن ئەحمەدپوور** | **بەشی سێهەم و کۆتایی** | **وەرگێڕان بۆ کوردی: مستەفا مەعرووفی**

**- خۆ دەربازکردن لە پێکهاتەی سانترالیزمی دێموکراتیك**

گومان لەوە دانیە کە لە سانترالیزمی دێموکراتیك دا کەڵك لە هەموو تواناکان وەرناگیرێ. لە ڕابردوو دا ئەو سیستەمە هەمیشە کۆسپی سەرەکی بووە لە سەر ڕێی ڕاکێشانی متمانەی توێژی خوێندەوارو مانەوەیان لە نێو ڕیزەکانی حیزب دا. لەو سیستەمە دا کە لە حیزبی کۆمۆنیستی ڕووسیەوە وەرگیراوە، لاوان و خوێندەوارانی تازە هاتوو شانسێکی کەمیان بۆ هاتنە نێو ناوەندی بڕیاردان هەیە. بە واتایەکی دیکە دەبێ ئەوندە وەمێنن تاکوو وەك ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ڕووسیە ڕۆژێك دابێ دەست بە گۆچان و بە پشتی کووڕەوە کورسییەکانی ناوەندی بڕیاردان تاقی بکەنەوە.

ماددەی حەوتەم و بەشی (ا)ی "هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئێمە" دانی بەو شتە داهێناوە کە پێوانەو میکانیزمەکانی پێشوو پێشی بە هاتنی لاوانی خوێندەوارو تێگەیشتوو بۆ نێو ئۆرگانەکانی ڕێبەری گرتوە. هەروەها ئەو ماددەیە باس لە پێویستیی میکانیزمێك دەکا کە وێڕای ئەمە کەڵك لە ئەزموونی ئەندامانی لەمێژینە لە پەنا تواناکان و بیری نوێی ئەندامانی لاو (وەك تەواوکەری یەکتر) وەربگیرێ.

**- وەرچەرخان بەرەو لیبڕالیزم**

ماددەی ٩ بەشی (ا): "ڕێکخراو لە تاکەکان پێك دێ، کەوایە هەموو تاکەکان دەبێ خاوەنی کەسایەتیو بیرو بۆچوونی تایبەتیو ئازادیی دەربڕینی نەزەراتی خۆیان بن و تەنیا ئەوکات پێش بە ئازادیی تاك دەگیرێ کە ئازادیی تاکێکی دیکە یان قازانجی گشتیو پڕەنسیپە گشتییەکان پێشێل بکا."

گومان لەوە دا نیە کە حیزبی دێموکرات لە ڕابردووەوە تا ئێستا زیاتر لەژێر کاریگەریی بیری چەپیو سوسیالیستی دابووە، کە لەو دا تاك لانیکەمی ئازادیی کردەوەی هەبووە. زۆر جار ئەندامی حیزب بەهۆی دەربڕینی بیرو بۆچوونەکانی لە ڕاگەیەنەکاندا سزا دراوەو یان بە دانانی سنوورو بەربەستی ناپێویست حیزبیان بە جێ هێشتوە. ئەو ماددەیە لە نێو ئەندامە لاوەکانی حیزب دا لەگەڵ پێشوازییەکی گەرم بەرەوڕوو بووەو تەنانەت لەوەش هەورازتر خوازیاری گۆڕانی ئامانجی دوارۆژی حیزب (سوسیالیزمی دێموکراتیك)ن.

**ـــ هەنگاوی بەکردەوە بۆ پێکهێنانی کوردستانی یەکپارچە**

لە بەشی (ج) ماددەکانی ٥و٦ دا گەورەترین وەرچەرخان لە کاتی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە تا ئەمڕۆ بە قازانجی ناسیۆنالیزمی لە حاڵی گەشەکردنی کوردستان گونجاوە. لە ماددەی شەشەم دا "دیواری ترس لە تۆمەتی جیاییخوازی" ڕووخێندراوەو بە ئاشکرا باس لە هەوڵدان و هەنگاوی سیاسیو دیپلۆماسی بۆ یەکگرتنی بەشەکانی دیکەی خاکی کوردستان دەکا. ماددەی ٥یش ئاماژە بە ئامانجی هاوبەشی هەموو کوردەکان دەکاو خوازیاری هاوکاری و کاری هاوبەشە لە نێوان ئەو هێزە سیاسییانەی لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان دا هەن (لە هەموو بەشەکانی دا)و هەروەها خوازیاری دیاریکردنی ئامانجی



درێژخایەن بۆ هەموو ئەو هێزانەیە کە پێی وەفادار بن. ئەم مەسەلەیە هەنگاوێکی بەرەوپێشەوەیە بەمەبەستی وەدیهێنانی ئەم ویستەی ڕووناکبیرانی کورد کە لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا باس لە پێویستیی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی بەرینی کوردستانی (لەژێر ناوی کۆنگرەی نەتەوەیی، پارلمانی کوردستانو...) دەکەن بەمەبەستی دیاریکردنی ستراتیژییەکی کوردستانی و گەیشتن بە یەك هەڵوێست لە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانو ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا.

ئەم وەرچەرخانە بەرەو ناسیۆنالیزمی بنیاتنەرانەو دێموکراتیکییانەی کوردی هەرچەند لە سەرەتا دا ڕەنگە هێندێك ساردیو سڕی لە پێوەندییەکانی حیزب لەگەڵ حیزبە نەتەوەییەکانی ئێران دا پێك بێنێ، بەڵام بە تێپەڕینی کات (بۆ ماوەیەکی زۆریش نا) و بە گەشەکردنی دێموکراسی لە ناوچەدا ئەو ساردیو سڕییەش نامێنێ. چونکە ئەگەر لە ڕووی واقیعبینییەوە سەیری مەسەلەکە بکەین ئەوە حیزبە سەرانسەرییەکانی کورد نین کە دەبێ ویستەکانی خۆیان لەگەڵ ویستی حیزبە سەرانسەرییەکانی ئێران بگونجێنن. لەبەر ئەوەی حیزبە کوردستانییەکان مەحکوومن بەوەی کە دەبێ بە گوێرەی ویستی خەڵکی کوردستان سیاسەتەکانیان دابڕێژنو توانای گەڕانەوە بۆ هەڵوێستی میانەڕۆیانەی نەتەوەیی تێکەڵ بە چەپگەرایانەی پڕ لە تەمومژاوییان نیە. ئەوە حیزبو ڕێکخراوە ئێرانییەکانن کە دەبێ بەناچار خۆیان لەگەڵ ڕاستییەکانی سەردەم بگونجێننو ویستو مافەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران یەك لەوان مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد بەڕەسمی بناسن. سادەترین بەڵگە بۆ ئەمە دژکردەوەیەی خەڵکی کوردستان بە ڕێککەوتننامەی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو پان-ئێرانیستەکان لە دووساڵی ڕابردوو دایە، یان لە دژکردەوە بە نامەی ئاغای هیجری بۆ دوکتور نەزمی ئەفشار لە بەهاری ڕابردوو دایە، کە ئاخیرەکەی ئاغای هیجری داوای لێبووردنی لە خەڵکی کوردستان نەکردو ئەمە بوو بەهۆی هەڵوەرین لەم حیزبە داو ئەم مەسەلەیە بوو بەهۆی یەکێك لەو فاکتۆرانەی کە حیزبیان لەم دواییانە دا لەت کرد.

**ڕەوتی ڕیفۆرم لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا**

ڕەوتی ڕیفۆرم لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا چەند مانگ دوای کۆنگرەی ١٣ی حیزب و لە دژکردەوە بە هەلومەرجی نادێموکراتیکی پاش کۆنگرەو کەوتنە ژێر پرسیاری سەمبولەکانو ئامانجە نەتەوەییەکان لەلایەن باڵی زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندییەوە، پێك هات. ئەم ڕەوتە بە گشتی لە ژمارەیەك لەو لاوە خوێندەوارانە پێك هاتوە کە لەم ساڵانەی دوایی دا هاتوونە نێو ڕیزەکانی حیزبەوە. دەکرێ بڵێین ئەمانە نوێنەری بۆچوونی سیاسیی ئەمڕۆ لە کۆمەڵی کوردستان دان. ڕەوتی ڕیفۆرم لە ڕاستی دا بەر لەوەی خوازیاری ڕیفۆرم لە ئاستی تەشکیلاتیو ڕێکخستنی حیزب دابێ، خوازیاری ڕیفۆرم لە شێوەی پاسیڤی نەتەوەییانەی حیزبو هاوهەنگاو کردنی لەگەڵ داخوازە نەتەوایەتیو ڕادیکاڵییەکانی بزووتنەوەی مەدەنیی کوردستان دایە. پاش جیابوونەوەی ئەم ڕەوتە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (تەنیا سێ ڕۆژ دوای لەتبوون)و هاتنە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تای تەرازووی بە قازانجی ئەم حیزبە قورستر کرد. ئەم ڕەوتە لە بەراورد لەگەڵ دوو باڵەکەی دیکە لە حیزبی دێموکرات دا بەتەواوی دەستی لە موحافیزەکاری هەڵگرتو بەگشتی بە ئازایەتییەکی زیاترەوە داخوازەکانو مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستانی دێنایە گۆڕێ.

**دوایین وتە**

بەکورتی لەتبوونی حیزبی دێموکرات بەرلەوەی هۆی تەشکیلاتیی هەبێ، (وەك هێندێك کەس پێیان وایە) هۆی سیاسیی لەپشتە. ئەم لەتبوونە لە ڕاستی دا لە ناهومێدییەکی زۆری کەمایەتیی کۆمیتەی ناوەندیو ڕەوتی ڕیفۆرم لە داهاتووی ڕیفۆرم لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا سەرچاوە دەگرێ. چونکە تاقمێك پاش کۆنگرەی ١٣ کاروبارەکانیان بەدەستەوە گرت کە جگە لەوەی لە باری ڕێبەریو ئاگایی سیاسییەوە لاواز بوون، تەنیا هەڵگری پرۆژەی دەروون حیزبی بوونو تەواوی هێزو توانای خۆیان لە وەلانانی موخالیفانی خۆیان دا بە فیڕۆ دەدا.

لەلایەکی دیکەوە بزووتنەوەی ڕوو لە گەشەی کورستان پێویستیی بە مودیرییەتێکی بەتوانایە کە بتوانێ تا ئەو جێگایەی دەکرێ کەڵك لەو توانایانە وەربگرێ کە هەنو ڕێکوپێکیان بکا. هەر لەم ڕوانگەیەوەو بەسەرنجدان بەو توانایانەی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بۆ ئاڵوگۆڕ هەن، دەکرێ وەك هەنگاوێکی بنەڕەتی بەمەبەستی چوونەدەر لەو قەیرانەی نێو حیزبو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان لە قەڵەم بدرێ.

بە پێچەوانەی ئەو تەبلیغاتە ژاراوییەی کە هەوڵ دەدا ئەم لەتبوونەی لەگەڵ جیابوونەوەکانی پێشوو، وەك جیابوونەوەی "پێڕەوانی کۆنگرەی ٤" و ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ لە دوای کۆنگرەی ٨ دا بەراورد بکا، لە ڕاستی دا دەکرێ ئەم لەتبوونە بە ساخکەرەوەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بزانینو لەم ڕوویەوە تەنیا لەگەڵ پێکهاتنی کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دێموکراتی کوردستان(لە جەریانی ساڵەکانی ٤٦ــ٤٧دا) دەکرێ بەراورد بکرێ. کۆمیتەی ئینقلابییش لە کەشوهەوایەك دا پێك هات کە تا ڕادەیەك وەك هەلومەرجی ئێستا وابوو. لاوازیی ڕێبەری، بەستراوەیی حیزب بە حیزبەکانی دیکەوەو...تاقمێك لە لاوانی وشیاری نێو حیزبی دێموکراتی ناچار کرد کۆمیتەی ئینقلابی پێك بێنن کە لە ڕێبەریی حیزب جیا بوونەوەو دەستیان دایە بەربەرەکانییەکی بێوێنە لە دژی ڕێژیمی پەهلەوی. گەورەپیاوی وا لە ناخی ئەو کۆمیتەیە سەریان هەڵدا کە تائێستاش لە نێو کورد دا لەسەر زارو زمانانن. شەهید ئاوارە، سولەیمانی موعینی، شەریفزادەو... کەسانێك بوون پشتیان لە ڕێبەریی نالایقی سەردەمی خۆیان کردو بە بەخشینی گیانی خۆیان لە بەربەرەکانییەکی نابەرابەردا وەڵامدەری خەباتی ئەو قۆناغە لە مێژووی بزووتنەوەی کوردستان دا بوون. چەند ساڵ دواتر کۆنفرانسی سێیەمی حیزب حەرەکەتی ئینقلابیی ئەم کۆمیتەیەی تەئید کردو ئەوانی بە ڕێبەری واقعیی حیزبی دێموکرات زانی.

ئێستاش دەرفەتێك لە بەردەم حیزبی دێموکراتی کوردستان دایە بە جۆرێك کە ڕێبەرانی ئەم حەرەکەتە دەتوانن بە ئیلهام لە کۆمیتەی ئینقلابی، ڕێگایەك لەبەردەم خەڵکی کوردستان دا بکەنەوە و لە داهاتوو دا ئەوە خەڵکی کوردستانن ڕێبەرانی واقعیی خۆیانو ڕێرەوانی ڕاستەقینەی ڕێگای قازی محەمەد، دوکتۆر قاسملووو دوکتۆر شەرەفکەندی دیاری دەکەن.

درێژەی

## تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

**پێکهاتنی کۆڕێکی سیاسی بۆ کاك ئیقباڵ سەفەری لە سویس**



کومیتەی سویسی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سویس، دوانیوەڕۆی ٢٠٠٧/٣/٢٨ کۆڕێکی بۆ بەڕێز ئیقباڵ سەفەری تێکۆشەری دێرینی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێك هێنا. کۆڕەکە لە سێ بڕگەدا بەڕێوەچوو و دەیان کەس لە کوردستانییەکانی دانیشتووی سویس تێیدا بەشدار بوون. لەم کۆڕەدا کە بەرپرسی کومیتەی حیزب کاك ڕەحمان ئیبراهیم زادە بەڕێوەی دەبرد، کاك ئیقباڵ تیشکی خستە سەر کێشەکانی ئەم دواییانەی نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو هۆیەکانی لەتبوونی ئەو حیزبە. لە بڕگەی دووهەم دا بەشداران پرسیارو بۆچوونو تێبینییەکانی خۆیان هێنایە گۆڕێ. لە دوا بڕگەش دا کاك ئیقباڵ وڵامی پرسیاری بەشدارنو ڕای خۆی لە مەڕ بۆچوونەکانیان ڕوون کردەوە.

**دیدار لەگەڵ سکرتێری بەشی نێونەتەوەیی پارتی چەپی سوئێد**

ڕۆژی ١٤ی مارسەی ٢٠٠٧، کاك عەزیز سەیدنیژادیان بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد، لە پارلمانی سوئێد دیداری لەگەڵ بەڕێز هانس ئارویدسۆن سکرتێری بەشی نێونەتەوەیی پارتی چەپی سوئێد لە شوێنی کارەکەی کرد. لەو دیدارەدا مەسەلەی کورد بە گشتیو حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی کەوتە بەرباس. هانس ئارویدسۆن گوتی پارتەکەی هەمیشە پشتگیریی مەسەلەی کوردی کردوەو لە سەر مەسەلەی کورد لە تورکیە، فیدرالیزم لە عێراقو بێبەشیی کوردەکانی سووریە لە مافی هاونیشتمانی، وەجواب هاتوە، بەڵام بەداخەوە لە پێوەندی لەگەڵ کوردستانی ئێران دا، کارێکی وایان نەکردوە.

لە کۆتایی دیدارەکەدا، هەر دوو لا هیواداریان دەربڕی کە لە داهاتوودا قەرەبووی ئەم کەمکارییە بکرێتەوەو هەموو پارتەکانی نێو پارلمان چالاکانەتر بەشداری لە مەسەلەکانی پێوەندیدار بە کوردو کوردستانەوە بکەن.

**بەڕێوەچوونی جێژنی نەورۆز لە بریتانیاو سوئێد**

**شارەداری لەندەن ڕێورەسمێکی بەبۆنەی نەورۆز بە بەشداریی کوردەکان بەڕێوە برد**



کاتژمێر ٣٠/٥ی دوانیوەڕۆی ٢٠ی مارس، بەڕێز کێن لفینگستون شارەداری لەندەن لە ساختمانی ناوەندیی شار لە قەراغ چۆمی تایمز، لە ڕێورەسمێك دا کە بەشێکی بەرچاو لە کوردەکانی دانیشتووی لەندەن تێیدا بەشدار بوونو بە بۆنەی نەورۆزەوە پێك هاتبوو، بەخێرهاتنی میوانەکانی کردو پیرۆزبایی ئەو جێژنەی لێکردن. شارەدار ڕێزو سوپاسی خۆی بە کوردەکانی دانیشتووی لەندەن ڕاگەیاند چونکە شاری لەندەنیان فرەنەتەوەو جوانتر کردوە. کێن لفیانگستون بەڵێنی دا کە ساڵی ٢٠٠٩، نەورۆز بە ڕەسمیو بە شکۆیەکی زیاترەوە بکرێتە جێژن. هونەرمەندانی کورد تارا جافو عەزیز وەیسیش لەو جێژنەدا بەشدار بوونو موسیقاو گۆرانیی کوردییان پێشکەش کرد.

لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیاو کاك لوقمان مەعروفزادە ئەندامی کومیتەی حیزب لەو وڵاتە لەم جێژنەدا بەشدار بوون. نوێنەری حیزب لە بریتانیا لەو جێژنەدا ئاڵای کوردستانی پێشکەش بە بەڕێز کێن لفینگستون کرد.

**نزیك بە ١٠٠٠ کەس لە کوردستانییەکانی شاری لینگشوپینگ پێکەوە جێژنی نەورۆزیان بەڕێوەبرد**



ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٢٠٠٧/٣/٢٤ نزیك بە ١٠٠٠ کەس لە کوردستانییەکانی شاری لینشوپینگ، پێکەوە جێژنی نەورۆزیان بەڕێوە برد. پێکهێنەرانی ئەم جێژنە بریتی بوون لە کومیتەی هاوکاریی کۆمەڵە کوردستانییەکانو کومیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییە کوردستانییەکان. لەم جێژنەدا سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب لە لایەن کۆڕی سروودی کومیتەی لینشوپینگی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش کرا، دوایە پەیامی هەر دوو کومیتەی هاوکاری خوێندرایەوە. درێژەی برنامەکە بریتی بوو لە گۆرانیو هەڵپەڕکێی کوردیو خۆشی نواندن بە بۆنەی جێژنی نەورۆزەوە.

# هۆی لاواز بوونی ڕۆڵی ژن له‌ ده‌سه‌ڵاتدا



زیبا سه‌روه‌ری

## كۆمه‌ڵگه‌ی پیاوسالاری

بۆ دۆزینه‌وه‌ی هۆكاره‌كانی لاوازیی ڕۆڵی ژن له‌ ده‌سه‌ڵاتدا ده‌بێ كۆمه‌ڵگا له‌ باره‌ی كولتووری‌و سایكۆلۆژی بناسین. هه‌روه‌ك ده‌زانین ژنی كورد له‌ كۆمه‌ڵگایه‌كی پیاوسالاردا ده‌ژی‌و له‌ باری سیاسی، ئابووری‌و كۆمه‌ڵایه‌تییه‌وه‌ له‌ بارودۆخێكی گه‌لێك دژوار دایه‌. هه‌ڵاواردن‌و له‌ په‌راوێز خستنی ژن له‌ ده‌سه‌ڵاتدا دیارده‌یه‌كی جیهانییه‌و تایبه‌ت نیه‌ به‌ كۆمه‌ڵگای كوردستان. به‌ڵام، هه‌ڵاواردن‌و لاوازیی ڕۆڵی ژن له‌ هه‌ر وڵاتێكدا به‌شێوه‌ی جۆراوجۆر خۆی ده‌نوێنێ‌و له‌ هه‌ر وڵاته‌ش تایبه‌تمه‌ندیی خۆی هه‌یه‌.

له‌ كۆمه‌ڵگای ئێمه‌دا داب‌و نه‌ریتی كۆن ئێستاش زاڵه‌و ته‌نانه‌ت هێندێك ژن خۆشیان ڕاسته‌وخۆ یان ناراسته‌خۆ یاریده‌ده‌رو زه‌مینه‌خۆشكه‌رن بۆ په‌ره‌ ئه‌ستاندن‌و مانه‌وه‌ی زوڵم‌و زۆرو بیری پیاوسالاری. بۆ وێنه‌ ئه‌گه‌ر كچێك توندوتیژی له‌ لایه‌ن مێرده‌كه‌ی لێ بكرێ‌و مێرده‌كه‌ی به‌جێ بهێڵێت، دایكه‌كه‌ی خۆی رازی ده‌كات بگه‌ڕێته‌وه‌ لای مێرده‌كه‌ی‌و پێی ده‌ڵێ: ڕۆڵه‌ منیش لێم دراوه‌، جا قه‌یدی چیه‌، بگه‌ڕێوه‌ لای مێرده‌كه‌ت. دایكه‌كه‌ به‌ پێچه‌وانه‌ی دڵی خۆی‌و به‌ ده‌ستی خۆی كچه‌كه‌ی له‌ باوه‌شی پیاوێك ده‌خات كه‌ زوڵم‌و زۆری لێ ده‌كات‌و به‌و جۆره‌ پێی ده‌سه‌لمێنێ كه‌ ئه‌م جۆره‌ هه‌ڵسوكه‌وته‌ به‌رامبه‌ر به‌ ژن ئاساییه‌و ده‌بێ قه‌بوولی بكات.

## ئایین (مه‌زهه‌ب)

ئایین له‌ په‌ره‌ستاندنی بیری كۆن‌و دواكه‌وتوودا ده‌وری هه‌یه‌و ته‌نانه‌ت له‌ زۆربه‌ی وڵاتانی ئیسلامی‌دا له‌ خزمه‌ت بیرو كولتووری پیاوسالاری دایه‌. كولتووری ئایینی مه‌جال‌و ده‌رفه‌تی راسته‌قینه‌ نادات به‌ ژن كه‌ به‌ كه‌سایه‌تیی خۆیه‌وه‌ وه‌ك ژن له‌ ده‌سه‌ڵات دا بێ‌و به‌ گوێره‌ی به‌رژه‌وه‌ندیی ژن كه‌ڵكی لێ وه‌ربگرێ.

ڕۆژنامه‌وانێكی ئه‌مریكایی به‌ ناوی "برۆكس" سه‌ردانی وڵاتانی ئیسلامیی كردوه‌و لێكۆڵینه‌وه‌یه‌كی كردوه‌ له‌ سه‌ر ڕۆڵی ژن له‌و وڵاتانه‌دا. برۆكس ده‌ڵێ: یه‌كێك له‌ كۆسپه‌ سه‌ره‌كییه‌كانی سه‌ر رێگای ژن له‌ وڵاتانی ئیسلامی‌دا ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ژنان له‌و وڵاتانه‌ جێگه‌و پێگه‌یان زۆر لاوازه‌و ئه‌و ژنانه‌ی كه‌ ده‌گه‌ن به‌ ده‌سه‌ڵات توانای بڕیاردانیان نابێ‌و له‌ خۆرا نابینن بڕیاری گه‌وره‌ بده‌ن. ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر ژنێك یان دوو ژن بگه‌نه‌ ده‌سه‌ڵات، هه‌میشه‌ ترس‌و دڵه‌راوكێیان هه‌یه‌ كه‌ ده‌سه‌ڵاته‌كه‌یان بڕووخێ. ئه‌و مه‌ترسییه‌ رێگر ده‌بێ كه‌ ئه‌و جۆره‌ ژنانه‌ بپرژێنه‌ سه‌ر بابه‌تی پێوه‌ندیدار به‌ ژن. هه‌ر بۆیه‌ پێی وایه‌ بوونی ژنێك یان چه‌ند ژن له‌ ده‌سه‌ڵاتدا كاریگه‌رییه‌كی ئه‌وتۆی نابێ له‌ سه‌ر بارودۆخی ژنان له‌ وڵاتانی ئیسلامیدا.

ساڵی ١٩٩٤ سێ وڵاتی ئیسلامی، ده‌سه‌ڵاتداره‌كانیان ژن بوون. چیلێر له‌ توركیه‌، به‌گم خالید له‌ به‌نگلادیش‌و بێنه‌زیر بوتۆ له‌ پاكستان. به‌ڵام ژنانی ئه‌و سێ وڵاته‌ ئیسلامییه‌ له‌ كه‌ندو كۆسپه‌كانیان كه‌م نه‌بۆوه‌و هه‌ر به‌ شێوه‌ی پێشوو ده‌چه‌وسێندرانه‌وه‌.

گۆڕینی یاساش به‌ ته‌نیا ناتوانێ موشكیلات‌و كێشه‌ی ژن چاره‌سه‌ر بكات. گۆڕینی یاسا ده‌بێ تێگه‌یشتنی كۆمه‌ڵگای له‌گه‌ڵ بێ. ئه‌زموونی باشووری كوردستان ئه‌و راستییه‌مان بۆ ده‌رده‌خات. له‌وێ قانوونی دژی دوو ژنه‌ نه‌ ته‌نیا له‌ لایه‌ن پیاوانه‌وه‌ به‌ڵكوو له‌ لایه‌ن به‌شێك له‌ ژنانیشه‌وه‌ دژایه‌تی ده‌گه‌ڵ ده‌كرێ.

## فاكتۆری ئابووری

گرێدراویی ئابووریی ژن به‌ پیاو ده‌بێته‌ هۆی ئه‌وه‌ كه‌ ژن هه‌رده‌م خۆی به‌ موحتاجی ده‌ستی پیاو ببینێ. رزگاریی ژن له‌ گرێدراویی ئابووری یه‌كێكه‌ له‌و فاكتۆره‌ سه‌ره‌كییانه‌ كه‌ ژن خۆی سه‌ربه‌خۆ ده‌كات. هه‌رچه‌ند ئێستا مه‌جال‌و ئیمكانی خوێندن بۆ ژنان گونجاوتره‌و ژنانیش پتر له‌ جاران گرینگی ده‌ده‌ن به‌ خۆپێگه‌یاندن. به‌ڵام به‌داخه‌وه‌ به‌هۆی هه‌ڵاواردنی جنسی ئه‌و هه‌نگاوه‌ش نه‌یتوانیوه‌ ژنان بگه‌یه‌نێته‌ سه‌ربه‌خۆیی ئابووری. بۆ وێنه‌ به‌شی زۆری ئه‌وانه‌ی له‌ ئێران له‌ زانكۆكان ده‌خوێنن، ژنن. بۆ وێنه‌ ژنان له‌ ئێران ده‌خوێنن، به‌ڵام ئه‌وانه‌ی كه‌ دوای ته‌واو بوونی خوێندن كاریان وه‌گیر ده‌كه‌وێ به‌شی هه‌ره‌ زۆریان پیاون.

رزگار بوونی ژن له‌ گرێدراویی ئابووری ده‌بێته‌ هۆی ئه‌وه‌ كه‌ هه‌ستی بڕوا به‌خۆبوون له‌ ژندا به‌رز بێته‌وه‌و به‌و جۆره‌ كه‌سایه‌تیی خۆی له‌ كۆمه‌ڵدا بسه‌پێنێ‌و جێ پێ بۆ خۆی بكاته‌وه‌.

خه‌ڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ٢٠٠٦ درا به‌ "مه‌حه‌مه‌د یونس، له‌ به‌نگلادیش. پرۆژه‌ی مه‌حه‌مه‌د یونس ئه‌وه‌ بوو كه‌ ورده‌ وام به‌ ژنانی گونده‌كانی به‌نگلادیش بدا، به‌و هیوایه‌ كه‌ بنه‌ماڵه‌ هه‌ژاره‌كان ژیانی ئابوورییان باشتر بێ. یه‌كێك له‌ شه‌رته‌كانی دانی پاره‌ی به‌ قه‌رز ئه‌وه‌ بوو كه‌ ده‌بوایه‌ ژن به‌ ناوی خۆی وامه‌كه‌ی وه‌رگرتبایه‌. زۆر ژن بۆ یه‌كه‌م جار له‌ ته‌مه‌نی ژیانیاندا پوڵیان ده‌كه‌وته‌ ده‌ست‌و به‌ ترسه‌وه‌ خۆیان له‌ وه‌رگرتنی وام ده‌دا. ئه‌و ژنانه‌ به‌و پاره‌یه‌ چه‌رخێكی خه‌یاتی یان مانگایه‌ك یان پارچه‌ زه‌وییه‌كی چووكیان ده‌كڕی. ژن له‌و بنه‌ماڵانه‌دا ده‌سه‌ڵاتی ئابووریان وه‌ده‌ست هێنا‌و جێگه‌و پێگه‌یان له‌ بنه‌ماڵه‌دا به‌رز بۆوه‌. ته‌نانه‌ت ژنه‌كان گوتبوویان كه‌ هه‌ڕه‌شه‌و توندوتیژیی مێرده‌كانیان له‌ سه‌ر كه‌م بۆته‌وه‌. مێرده‌كانیان خۆیان موحتاجی ژنه‌كانیان ده‌دیت‌و ناچار بوون باشتر هه‌ڵسوكه‌وتیان له‌گه‌ڵ بكه‌ن.

## په‌روه‌رده‌

بیری پیاوسالاری كاریگه‌ریی مه‌نفیی هه‌یه‌ له‌ سه‌ر په‌روه‌رده‌. ئه‌و شێوه‌ په‌روه‌رده‌ كردنه‌ی كه‌ له‌ كۆمه‌ڵگایه‌كی پیاوسالاردا زاڵه‌ هه‌ستی بڕوا به‌خۆبوون له‌ كچدا ده‌كوژێ. كچ بڕوای به‌ خۆی‌و به‌ هێزو تواناكانی نامێنێ‌و ناوێرێ بیرو بۆچوونی خۆی ڕاشكاوانه‌ ده‌ربڕێ. ئه‌گه‌ر بیرو بۆچوونی خۆی ده‌ربڕی له‌گه‌ڵ ده‌یان پرسیار رووبه‌ روو ده‌بێته‌وه‌و، شك‌و گومانی تێدا پێك دێت. ده‌توانین ژنی كورد به‌ سێ به‌ش دابه‌ش بكه‌ین:

١ـ ئه‌و ژنانه‌ی كه‌ بیرو كرده‌وه‌ی پیاوسالارییان به‌لاوه‌ قبوول‌و ئاساییه‌و خۆیان ئیتر به‌ هه‌ر هۆیه‌ك بێت ده‌وریان هه‌یه‌ له‌ په‌ره‌ئه‌ستاندنی بیری پیاوسالاری‌دا.

٢ـ ئه‌و ژنانه‌ی كه‌ ده‌زانن بیرو كرده‌وه‌ی پیاوسالاری هه‌ڵه‌یه‌. به‌ڵام، تووشی ناهومێدی‌و بێ هیوایی ده‌بن‌و پێیان وایه‌ گۆرانكاری نامومكینه‌. كاتێك بێ هیوایی په‌ره‌ ده‌ستێنێ تووشی نه‌خۆشیی ده‌روونییان ده‌كات‌و به‌داخه‌وه‌ ره‌نگه‌ بۆ رزگار بوون له‌ گیرو گرفته‌كانی ژیان رێگای خۆكوژی هه‌ڵ بژێرن.

٣ـ ئه‌و ژنانه‌ی كه‌ بیرو كرده‌وه‌ی پیاوسالاریان پێ هه‌ڵه‌یه‌و ڕاشكاوانه‌ هه‌ڵوێست ده‌گرن‌و به‌كرده‌وه‌ تێده‌كۆشن بۆ مافی ژن‌و كۆمه‌ڵگایه‌ك كه‌ مافی وه‌ك یه‌ك بۆ ژن‌و پیاو ده‌سته‌ به‌ر بكات.

## گیرو گرفتی ژنان له‌ كاری سیاسی‌و حیزبیدا

رێكخراوه‌ سیاسییه‌ كوردییه‌كان هه‌موویان له‌ پرۆگرامی خۆیاندا باسی یه‌كسانیی مافی ژن‌و پیاو ده‌كه‌ن. به‌ڵام، به‌ كرده‌وه‌ ژنانی نێو ریزه‌كانیان له‌ بڕیارداندا ده‌سه‌ڵاتیان نیه‌و ژن ده‌ورێكی لاوه‌كیی هه‌یه‌و له‌ په‌راوێز خراوه‌. ئه‌و ژنانه‌ی كه‌ گه‌یشتونه‌ته‌ ده‌سه‌ڵات به‌ چه‌ند هۆوه‌ ده‌سه‌ڵاته‌كه‌یان كزو لاواز بووه‌و نه‌یانتوانیوه‌ گۆرانكاری پێك بێنن.

١ـ ژنان گه‌ر پۆستیشیان هه‌بێ توانایی بڕیاردانیان زۆر لاوازه‌. یه‌كێك له‌ هۆیه‌كان ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ژنان له‌ كه‌مایه‌تی دان‌و هه‌روه‌ها چونكه‌ ژماره‌یان له‌ ده‌سه‌ڵاتدا كه‌مه‌ پێیان وایه‌ كه‌ ماوه‌و مه‌ودای جێبه‌جێ بوونی بڕیاره‌كانیان به‌رته‌سكه‌و كۆمه‌ڵگای پیاوسالار وه‌ریان ناگرێت.

٢ـ ئه‌و ژنانه‌ هه‌رده‌م له‌ ژێر چاوه‌دێری دان‌و پیاوه‌كان به‌ كولتووورو تێگه‌یشتنی پیاوسالاری سه‌یری هه‌ڵسوكه‌وتیان ده‌كه‌ن‌و لێهاتووییان ده‌خه‌نه‌ ژێر پرسیار.

٣ـ ئه‌و ژنانه‌ زه‌خت‌و فشارێكی زۆر له‌ لایه‌ن ده‌روبه‌ره‌وه‌ هه‌ست پێ ده‌كه‌ن. له‌ لایه‌ك خۆیان هه‌ست به‌ به‌رپرسیاری به‌رامبه‌ر منداڵ ده‌كه‌ن، له‌ لایه‌كیش ده‌كه‌ونه‌ به‌ر ته‌وژمی تانه‌و ته‌شه‌ری كۆمه‌ڵگا. ژنێك كه‌ كاری سیاسی ده‌كا، ڕۆڵی دایكایه‌تیی ده‌خرێته‌ ژێر پرسیار. پیاو هه‌میشه‌ مه‌وداو مه‌جالی گونجاوتره‌و ده‌ستی بۆ كارو جموجۆڵی سیاسی‌و حیزبایه‌تی ئاواڵه‌تره‌و ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر ئه‌ركی باوكایه‌تییشی به‌رانبه‌ر به‌ منداڵه‌كه‌ی به‌جێ نه‌گه‌یاند، ناكه‌وێته‌ به‌ر گله‌یی‌و گازنده‌ی كۆمه‌ڵگا.

## بزووتنه‌وه‌و خه‌باتی ژنی كورد

رێگای ژن بۆ ده‌سه‌ڵات پڕه‌ له‌ كه‌ندو كۆسپ‌و بیركردنه‌وه‌ی كۆمه‌ڵگا بۆته‌ هۆی به‌رته‌سك بوونه‌وه‌ی خه‌باتی ژنان. ئه‌و ژنانه‌ی كه‌ خه‌باتی سیاسی ده‌كه‌ن رێژه‌یان كه‌مه‌و ئیزنیان پێ نه‌دراوه‌ شوێنی خۆیان بدۆزنه‌وه‌. ژنان خۆشیان پشتیوانییه‌كی قایمیان له‌ یه‌كتر نیه‌و جووڵانه‌وه‌ی ژنان به‌ربڵاوه‌، به‌داخه‌وه‌ تا ئێستا رایه‌له‌یه‌كی به‌هێز له‌ خه‌باتی ژناندا نیه‌.

"مادڵن ئۆڵبرایت" وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریكا (له‌ كاتی سه‌ركۆماریی بیل كلینتۆن دا) ساڵی ٢٠٠٤ له‌ ستۆكهۆڵم له‌ كۆبوونه‌وه‌یه‌كدا باسی گیروگرفتی خۆی كرد كه‌ له‌ كاتی ده‌سه‌ڵاتی خۆیدا روبه‌ڕووی ببۆوه‌. مادلین ئۆلبرایت گوتی: له‌ وڵاتانی عه‌ره‌بی له‌ لایه‌ن پیاوانی عه‌ره‌ب زۆر به‌ رێزه‌وه‌ وه‌رده‌گیرام‌و هۆیه‌كه‌شی ئه‌وه‌ بوو كه‌ به‌ فڕۆكه‌ی ئه‌مریكایی سه‌ردانی ئه‌و وڵاتانه‌م ده‌كرد. به‌ڵام له‌ راستیدا له‌ وڵاته‌كه‌ی خۆم واته‌ ئه‌مریكا له‌ لایه‌ن پیاوه‌ هاوكاره‌كانمانه‌وه‌ تووشی كۆمه‌ڵێك گرفت‌و كێشه‌ ده‌بوومه‌وه‌. ئۆلبرایت تیشك ده‌خاته‌ سه‌ر گرینگیی رایه‌ڵه‌یه‌كی به‌هێزی ژنان‌و ده‌ڵێ: ئه‌گه‌ر هیلاری كلینتۆن‌و ژنانی دیكه‌ی ده‌وروبه‌ری نه‌بان ئه‌و هیچكات نه‌یده‌توانی به‌ ده‌سه‌ڵات بگات‌و له‌ ده‌سه‌ڵاتدا بمێنێته‌وه‌و سه‌ركه‌وتن وه‌ده‌ست بێنێ. ئه‌و بۆ گرینگیی ڕۆڵی پشتیوانیی ژنان له‌ یه‌كتر رسته‌یه‌كی جوانی هه‌یه‌: " ئه‌و ژنانه‌ی هاوكاری‌و پشتیوانیی یه‌كتر ناكه‌ن له‌ جه‌هه‌ننه‌م شوێنێكی تایبه‌تیان بۆ دیاری كراوه‌."

هه‌روه‌ها نووسه‌رێكی سوئێدی به‌ نێوی لۆتتا سنیكاره‌ له‌و بابه‌ته‌وه‌ ده‌دوێ‌و ده‌ڵێ: ژنان له‌ گۆڕینه‌وه‌ی بیرو بۆچووندا وه‌ك پیاوان ڕاشكاوییان نیه‌. ژنان له‌ دانی ڕخنه‌و پێشنیار خۆ ده‌پارێزن، ئه‌گه‌ر بۆچونێكیش بده‌ن ته‌نیا بۆچوونی موسبه‌ته‌. به‌ڵام پیاوان رخنه‌و پێشنیاری خۆیان پێشكه‌ش ده‌كه‌ن‌و هه‌ر بۆیه‌ پیاو شانسی گه‌شه‌و چوونه‌ پێشی له‌ ژنان پتره‌. لۆتتا سنیكاره‌ له‌ سه‌ر پشتیوانیی ژنان له‌ یه‌كتر ده‌ڵێ: ئه‌و ژنانه‌ی كه‌ به‌ ده‌سه‌ڵات ده‌گه‌ن وه‌ك ده‌ركه‌وانیان لێ دێت. ئه‌و ژنانه‌ سادقانه‌ هاوكاریی پیاو ده‌كه‌ن به‌ڵام له‌ ژنانی كۆمه‌ڵگاكه‌یان دوور ده‌بنه‌وه‌.

ئه‌گه‌ر ئێمه‌ بڕوانینه‌ خه‌باتی ژنان له‌ كوردستان ڕه‌نگه‌ ژن وه‌ك ده‌ركه‌وان نێو نه‌برابێ به‌ڵام روون‌و ئاشكرایه‌ كه‌ ده‌ورێكی لاوه‌كی به‌ ژن دراوه‌و یه‌كسانیی مافی ژن‌و پیاو ته‌نیا له‌ دروشمدا ماوه‌ته‌وه‌.

خه‌باتی نه‌ته‌وایه‌تی نابێ رێگری خه‌باتی ژنان بۆ وه‌ده‌ست هێنانی مافه‌ ره‌واكانیان بێت. ئه‌گه‌ر ئه‌و دوو خه‌باته‌ به‌ یه‌كه‌وه‌ نه‌بێت ژن ده‌یدۆڕێنێ. له‌ دوای شۆڕشی ئێران كاتێك شارو دێهاته‌كان كه‌وته‌ ده‌ست هێزی پێشمه‌رگه‌، حیزبه‌ چه‌په‌كان ڕوویان له‌ كوردستان كردو دروشمێك زۆر باو بوو كه‌ ده‌یانگوت: كوردستان سه‌نگه‌ری ئازادیی ئێران. زۆرجار كه‌ باسی خه‌باتی ژن ده‌كرێ له‌ لایه‌ن رێكخراوه‌ سیاسییه‌ كوردییه‌كانه‌وه‌، باسی ئه‌وه‌ ده‌كه‌ن كه‌ ژن نان‌و چێشتی ساز كردوه‌ بۆ پێشمه‌رگه‌ یان ژن جلی پێشمه‌رگه‌ی شتووه‌. ڕۆڵی راسته‌وخۆی ژن ده‌شاردرێته‌وه‌و ته‌نیا باس له‌و خزمه‌تانه‌ ده‌كه‌ن كه‌ ژن بۆ پیاوی كردوه‌. بۆ باس له‌وه‌ی ناكه‌ن كه‌ ژن له‌ زیندانه‌كاندا ده‌ستدرێژیی كراوه‌ته‌ سه‌ر یان له‌ سێداره‌ دراوه‌؟ بۆ باس له‌وه‌ ناكه‌ن كه‌ ژن له‌ خۆپێشاندانه‌كاندا ته‌قه‌ی لێ كراوه‌و له‌ شه‌ڕدا شه‌هید بووه‌؟ ژنی كورد نابێ به‌و پێداهه‌ڵگوتنانه‌ رازی بێ‌و ده‌بێ گرینگی به‌ ڕۆڵی راسته‌وخۆی بدرێ. ژن نابێ چیدیكه‌ سه‌نگه‌ری ئازادیی پیاوان بێت‌و نابێ هیچكات خه‌باتی نه‌ته‌وه‌یی له‌ خه‌بات بۆ وه‌ده‌ست هێنانی مافه‌كانی خۆی شلی كاته‌وه‌. ئه‌گه‌ر ژن له‌ ئێستاوه‌ ویسته‌كان‌و داواكارییه‌كانی نه‌باته‌ سه‌ر،و به‌ پیاو نه‌ی‌سه‌لمێنێ كه‌ ئه‌و دوو خه‌باته‌ وه‌ك یه‌ك گرینگن‌و ته‌نانه‌ت مه‌رج بۆ شێوه‌ی به‌شداری‌و ئیداری دانه‌نێت به‌ ته‌واوی زه‌ره‌ر ده‌كات.

بۆ وێنه‌ له‌ باشووری كوردستان ژنان وێڕای پیاوان له‌ زیندان دا بوون، به‌ڵام له‌ حكومه‌تی كوردستاندا ده‌سكه‌وته‌كانیان زۆر كه‌متر بوو له‌ قوربانیه‌كانیان. كاتێك عێراق كوێتی داگیر كرد، ژنان له‌ خۆپیشاندانه‌كاندا ده‌وری سه‌ره‌كییان هه‌بووو خه‌باتیان ده‌كرد بۆ ڕزگاریی كوێت. به‌ڵام كاتێك ئه‌میری كوێت گه‌ڕایه‌وه‌، چاكه‌كه‌ی خۆی به‌رانبه‌ر به‌ ژنان به‌وه‌ داوه‌ كه‌ له‌ هه‌ڵبژاردنه‌كانی ساڵی ١٩٩٢ دا ژنان له‌ كوێت هه‌ر وه‌كی پێشوو له‌ مافی ده‌نگدان بێ به‌ش بوون.

***ئه‌مه‌ پوخته‌ی باسێكه‌ كه‌ له‌ سیمیناری ٨ی مارس له‌ رێكه‌وتی ٢٠٠٧/٠٣/١٠ له‌ ستۆكهۆلم پێشكه‌ش كراوه‌.***

# له‌ قامووسی فیمینیزم دا

(٢٩)

ب. هانا

## یه‌كسانی Equality

ئه‌م زاراوه‌یه‌ هه‌ڵگری واتای جۆراوجۆره‌. به‌ كورتی، یه‌كسانی یانی ئه‌وه‌ كه‌ هیچ تاكێك نابێ له‌ ده‌ستراگه‌یشتن به‌ ده‌رفه‌ته‌كان یان مافه‌ مرۆیی‌یه‌كان دا، له‌ تاكێكی دیكه‌ كه‌متر بێ. فیمینیزمی لیبرال وه‌ك رێگا چاره‌یه‌ك بۆ نه‌هێشتنی كۆیله‌تی، خه‌بات ده‌كا بۆ یه‌كسانی ته‌واو بۆ ژنان له‌ وه‌ده‌ستهێنانی مافی ره‌سمی‌دا. هه‌روه‌ها له‌ روانگه‌ی فیمینیسته‌ لیبراله‌كانه‌وه‌، یه‌كسانی وه‌ك مافی یه‌كسان به‌شێكه‌ له‌ پرۆسه‌ی به‌ عه‌قلانی بوونی به‌ره‌به‌ره‌ی كۆمه‌ڵی مرۆیی.



هاریت تایلۆر له‌ "مافی ده‌نگدانی ژنان" (١٨٥١)دا، وه‌بیر دێنێته‌وه‌ كه‌ ته‌نیا به‌ هۆی بالاده‌ستیی توانای جه‌سته‌یی پیاوانه‌وه‌، نا یه‌كسانی ژنان بووه‌ به‌ نه‌ریت‌و عورف (Mill, Mill١٩٧٠,).

یه‌كێك له‌ كێشه‌و گرفته‌كانی فیمینیزمی لیبراڵ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ته‌نانه‌ت سه‌ره‌ڕای دابینكردنی یه‌كسانی بۆ ژنان له‌ ژیانی گشتی‌دا، له‌ كاری نێو ماڵ‌دا، له‌ نێوان ژنان‌و پیاوان، نایه‌كسانی هه‌ر ده‌مێنێ. ده‌ستووری به‌رنامه‌ شاراوه‌و پیاوسه‌ردارانه‌كانی دامه‌زراوه‌ گشتی‌یه‌كان به‌ هاسانی ده‌توانێ یه‌كسانیی رواڵه‌تیی (دان پێدانراو) له‌ مافه‌ قانوونی‌یه‌كان دا له‌ نێو ببه‌ن (بڕوانه‌ زاراوه‌ی فێر كردن). تێورزانانی هاوچه‌رخی ئه‌مریكایی ئه‌م باسه‌ دێننه‌ گۆڕێ كه‌ له‌ هه‌ر جێیه‌ك شایسته‌ سالاری مه‌به‌ست بێ، ناكرێ بنه‌مای یه‌كسانی به‌ڕێوه‌ بچێ. ساندرا هاردینگ ده‌ڵێ له‌ هه‌لومه‌رجێك دا كه‌ پێوانه‌كانی لێوه‌شاوه‌یی گشتی‌و به‌ برشتن، بنه‌مای یه‌كسانی له‌ ده‌ستراگه‌یشتن به‌ ده‌رفه‌ته‌كان دا، له‌وانه‌یه‌ كه‌ڵكی لێ‌وه‌ربگرێ. به‌ڵام كاتێك پێوه‌ندییه‌ كۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌كانی به‌رهه‌می دامه‌زراوه‌كان، پێویستیان به‌ گۆڕانێكی قوول هه‌یه‌، ئه‌م بنه‌مایه‌، كار هاسانی‌یه‌كی دواكه‌وتووانه‌یه‌ (Harding, 1978-9).

*سه‌رچاوه‌:*

*كتێبی "فرهنگ نظریه‌های فمینیستی"*

*نووسینی:*

*مه‌گی هام، سارا گه‌مبل*

*لاپه‌ره‌ی ١٤١*

له‌ ده‌وری ئاڵای حیزبی دیموكراتی كوردستان كۆ ببنه‌وه‌

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran
No: 458 29 March 2007

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.radiokurdistan.net
Email:
dengikurdistan@ gmail.com Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

www.kurdistanukurd.com
Email:
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٠١٦٥٨

## پەیمان نوێ کردنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ شەهیدان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شەستەمینساڵرۆژی شەهید بوونی پێشەوای ئەم حیزبە و سەرکۆماری کوردستان دا، بەم دەقەی خوارەوە کە لە شێوەی کارت پۆستاڵ دا بڵاو بۆتەوە پەیمانی وەفاداری بە ڕێگای پیرۆزی شەهیدانی نوێ کردۆتەوە و ڕێزی لە بنەماڵە سەربەرزەکانیان ناوە:




**سڵاو لە شەهیدان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان**

**ڕۆژی دەی خاکەلێوەی ئەمساڵ شەستەمین ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێکانیەتی. لەم ڕۆژەدا کە لە مێژساڵە بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ناسراوە یادی هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەکەینەوە، سەری کڕنۆش بۆ گیانی هەرگیز نەمریان دادەنوێنین و چەپکەگوڵی ڕێزنان و ئەمەگناسی لە بەرۆکی ئەندامانی بنەماڵە سەربەرزەکانیان دەدەین.**

**شتێك شك نابەین بە بارتەقای بەخشەندەیی و بەرزیی گیانی شەهیدە نەمرەکان بێ، جگە لە پەیمان نوێ کردنەوە بۆ درێژەدانی ڕێگا پیرۆزەکەیان و خەبات تا سەرکەوتن یان سەردانان.**

**ئەمەش لە وتە بەنرخەکانی دوکتور قاسملووی شەهیدە کە: "باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەپێدانی ڕێگاکەیانە".**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٦**

## کتێبی "یادی ٦٠ ساڵەی شەهید بوونی پێشەواو هاوڕێیانی"

"هەیئەتی بەڕێوە بردنی یادی ٦٠ ساڵەی شەهید بوونی پێشەواو هاوڕێیانی"، بە بۆنەی شێستەمین ساڵی لە داردرانی سەرکۆماری کوردستان، قازی‌محەممەدو هەڤاڵانی کتێبێکی ئامادە کردوە کە چەندین لێکۆڵینەوە، وتارو بابەتی سیاسیی و ئەدەبیی تایبەت بە کارەساتی ١٠ی خاکەلێوەو کەسایەتیی پێشەواو ڕۆڵی مێژوویی قازی محەممەد لە ژیانی سیاسیی نەتەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دا لەخۆ گرتوە. لەم کتێبەدا، پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمیسیونی کۆمەڵایەتی حیزب بە بۆنەی ٦٠ ساڵەی شەهید بوونی



پێشەوای ئەم حیزبەو سەرکۆماری کوردستان وێڕای چەند بەشی جۆراوجۆرو سەرنج ڕاکێشن:

لە بەشی یەکەم دا زیاتر لە ١٠ لێکۆڵینەوەو وتار بە قەڵەمی بەڕێزان د.کەماڵ مەزهەر، د.یاسین خالید حەسەن (د.یاسین سەردەشتی)، د.گوڵمراد مرادی، د.حوسێن محەممەد عەزیز، جەلیل گادانی، حامید گەوهەری، ح.س.سۆران، عەبدوڵلا ئیبراهیمی، فەیسەل ئیراندوست، برایم جەهانگیری و حەمە ڕەسووڵ حەسەنپوور بەرچاو دەکەون.

لە بەشی دووهەم دا، هەڵبژاردەیەك لە وتارو لێدوان و بۆچوونەکانی قازی محەممەد، هەروەها ڕوانگەو بۆچوونی کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان لە سەر پێشەوا، دەخوێنییەوە.

بەشی سێهەم تەرخان کراوە بۆ چۆنیەتی موحاکمەو دادگایی کردنی قازییەکان.

لە بەشی چوارەم دا شێعرو پەخشانی کۆمەڵێك شاعیرو ئەدیب وەك بەڕێزان (ماموستا شێرکۆ بێکەس، مستەفا شەڵماشی، بێبەش، ئەحمەد قادری، پەیمان مێهدیزادەو ئیقباڵ سەفەری) بەرچاو دەکەون.

## پوستێرەکانی تایبەت بە ٦٠ ساڵەی شەهید بوونی پێشەواو هاوڕێیانی

هاوکاری ماندوویی نەناسمان ئەیوب شەهابی ڕاد، بەرپرسی فەننیی چاپەمەنیی حیزب و، لاوی خاوەن بەهرە ئاگری باڵەکی ئەندامی کومیتەی بەڕێوە بەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە سەر داوای هەیئەتی بەڕێوە بردنی یادی ٦٠ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەواو هاوڕێیانی، هەر کامیان پۆستێرێکی تایبەت بەم یادەیان ئامادە کردوە. ئەم دوو پۆستێرە لە ئەندازەی جۆراوجۆردا بڵاو کرانەوەو ڕێورەسمەکانی تایبەت بە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٦یان ڕازاندۆتەوە.






## پێشەوا، گوڵێك بوو لە سەحرا ڕوابوو

**دوکتور قاسملووی نەمر:**

..... شەخسییەتی قازی محەمەد پێویستیی بە لێکۆڵینەوەی زۆرتر هەیە. ئەو شەخسییەتە مەزنە لە مێژووی گەلی کورددا پلەو مەقامێکی تایبەتی و بەرزی هەیە کە پێویستە لاوانی تازە پێگەیشتوو لەگەڵی ئاشنا بن و لەژیانی دەرس وەربگرن، هەرچەند تەمەنی زۆر درێژ نەبوو. پێشەوا قازی محەمەد لە شارستانیەت و زانستی تازەو هەروەها لە وەزع و ڕووداوەکانی جیهان بە تەواوی شارەزا بوو. زمانی تورکی و فارسی و ئینگلیسی و عەرەبی و فەرانسەو ڕووسیی دەزانی، لە زانستەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی دا دەستێکی باڵای هەبوو. لەگەڵ ئەوە کە ڕووناکبیرێکی پایە بەرز بوو لە نێو خەڵکێکی ساویلکەو بەداخەوە بەشی زۆری نەخوێندەواردا دەژیا، گوڵێك بوو لە سەحرا ڕوابوو، بەڵام دیسانەکە لە گەلی خۆی نزیك بوو، دەردو ئازارو هیواو ئاواتەکانی زۆر باش تێ‌گەیشتبوو. پێشەوا قازی هەموو زانست و تێگەیشتنی خۆی بۆ خزمەتی گەل تەرخان کردبوو. پێشەوا قازی زۆر تێ‌دەکۆشا کە ڕیزەکانی نێو خەڵکی کوردستان یەکگرتوو بکا. ئەو ڕاستی‌یە مێژووییەی لەبەر چاو بوو کە یەکێك لە هۆیەکانی ئەساسیی تێکشکانی هەموو ڕاپەڕینەکانی پێشووی گەلی کورد، نەبوونی یەکیەتی و یەك دەنگیی نێو خۆیی بوو.

ڕاستە کە پێشەوا قازی نەدەبا بەو هاسانی‌یە خۆی تەسلیمی دوژمن بکا، ئەویش دوژمنێك کە ئەو زۆرباش دەیزانی چەند فێڵبازو دڕندەیە. بەڵام قازی محەمەد ئەو کارەی بۆ پاراستنی گیانی خۆی نەکرد، بەڵکوو ئەو مەسئوولییەتە گەورەیە کە سەبارەت بە گەلی کورد هەیبوو پێشەوای بۆ ئەو کارە هان دا.

سەرچاوە: چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، بەرگی یەکەم، عەبدوالرحمان قاسملوو.

## "پێشەوای ڕابوون"




لە بەرە بەری ٦٠ ساڵەی لە سێدارە درانی پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری شەهیدی کوردستان، کتێبی "پێشەوای ڕابوون" لە وەرگێرانی هاوڕێ و هاوکاری شاعیرو نووسەرمان، ڕەسووڵ سوڵتانی، چاپ و بڵاو بۆوە.

"پێشەوای ڕابوون" وەرگێڕدراوی کتێبی "پیشوای بیداری"، بیرەوەرییەکانی خوالێخۆشبوو سەعیدی هومایوونە کە هاشمی سەلیمی بە زمانی فارسی کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کردوە، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی "ئاراس" لە هەولێر ساڵی ٢٠٠٤، چاپ و بڵاوی کردبۆوە.

"پێشەوای ڕابوون" لە ژیاننامەی نووسەر، پێشەکی‌یەك و سێ بەش پێك هاتووە. بەشی یەکەم، "سەردەمی منداڵی و مێر منداڵیی نووسەری گرتۆتە خۆ. بەشی دووهەم تەرخان کراوە بۆ "کۆتایی جەنگو شوێنەوارەکانی". لە بەشی سێهەمیشدا، بیرەوەرییەکانی نووسەر "لە خەرمانانی ١٣٢٠ەوە هەتا ١٣٢٦ی هەتاوی (١٩٤١ - ١٩٤٧) بەر چاو دەکەون.

شایانی باسە خوالێخۆشبوو سەعیدی هومایون خوشکەزای پێشەوا بووو ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی بووە بە ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف و لە زۆربەی سەفەرەکانی قازی محەممەد دا بۆ تەورێزو ناوچەکانی باکووری کوردستان (ورمێ، شاپوور، خۆی، ماکۆ) و ئێران لە خزمەت پێشەوا دا بووەو کاروباری نووسین و یادداشت کردنی فەرمایشەکانی پێشەوای لە ئەستۆ بووە.

## نامەی دوکتۆرا لە سەر شێعری ناوچەی موکریان



هێژا مەنگوڕ

کاتژمێر ٩ی سەر لە بەیانیی ڕۆژی شەممە ١٧ی مارس نامەی دوکتۆرای ماموستا عوسمان دەشتی لە هۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیریی زانکۆی سەلاحەدین تاوتوێ کرا. نامەی دوکتۆرای ناوبراو لە ژێر ناوی شێعری ناوچەی موکریان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا (١٩٢٠ ـ ١٩٤٠) بوو.

لەو نامەیەدا باس لە سێ شاعیری ئەو سەردەمە مەلا مارف کۆکەیی، سەیفی قازی، مستەفا قازیزادە شەوقی کراوە. ئەو لێژنەیە کە لە لایەن کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین بۆ تاوتوێکردنی ئەو دوکتۆرا نامەیە پێك هاتبوو بریتی بوو لە بەڕێزان: پ. د. شوکریە ڕەسوڵ (سەرۆکی لێژنە) و پ.ی. نەوزاد وەقاس پ.ی. هیمداد عەلی، هەر دوو لە زانکۆی سەلاحەدین، پ. ی. محەممەد بەکر لە زانکۆی دهۆك، پ. ی. دڵشاد عەلی لە زانکۆی سلێمانی و بە سەرپەرستیی پ.د. مارف خەزنەدار.

تاوتوێکردنی دوکتۆرای نامەکە زیاتر لە ٤ کاتژمێری خایاندو لە کۆتایی دا بڕوا نامەی دوکتورا لەلایەن لێژنەی ناوبراو بە ماموستا عوسمان دەشتی بەخشرا. شایانی باسە کە نامەی ماجستێری ماموستا عوسمان دەشتی لە سەر ژیان و شێعری ماموستای ناوداری شێعرو ئەدەب هێمنی موکریانی بووە.

## بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان

بەر لەماڵاوایی

مستەفا شڵماشی ٢٠٠٧/٣/١ هولەند

بەهاری کوردستانی من شادی هێنە، ڕەنگاورەنگو هەست بزوێنە. دەماری گشت گیاندارەکان دەکاتەوە، خەمان لەبیر دەباتەوە ـ خاکەلێوە، هەموو ساڵێ لە گوڵان لێوالێوە. بەڵام داخێکی گرانم، یەك پەڵەی سووری وا پێوە. ڕۆژی دەیەم لەم مانگەدا، هەموو ساڵێ لە تاوان هەنیسکان دەدا. خۆی زۆر بە مەغدوور دەزانێ و شیوەنی شەهیدان دەکا. بیری مەیدانی چوارچرا، ئەو سێدارەی کە هەڵخرا ـ سێ ئاڵقەی پەتی سێدارە، هەردەم لە چوارچرا دیارە. سەردارانی گەردەن بەرز، دێن بەبێ خۆف و بێ لەرز- بە هەنگاوێکی شێرانە، شەهادەت هەر لەوان جوانە، پێشەوای نێوچاوان ڕووناك، پێشمەرگەی دڵسۆزو بێباك، هیچ ترسی لە مردن نیە، هەروا بزانە شایی‌یە، بە چوار دەوری‌دا دەڕوانێ، دوادیداری نیشتمانی، بەزەردەخەنە جوان دەکا، دوژمنان هەراسان دەکا، هاوار دەکا ئەی دوژمنان! تینوو بە خوێنی گشت کوردان! بەم کارەش کۆتایی نایە، قازیی، سەد قازی لەدوایە، ڕۆڵەکانی ئاوو خاکم، ئەم داستانە دەنووسنەوە، بە خوێنی گەش و ئاڵی من، ڕێچکەی خەبات دەدۆزنەوە. حوسێن خان مەردی مەردانە، سەردار بۆ وی وەك سەر بانە، پەت خۆی لەبەر وی ناگرێ، مل کەچ دەکاو رادەبرێ، ڕێوی ترسیان لێ دەنیشێ، شێر ڕاساوە، هەروا بەدەستی بەستراوە، نەرەی دێ ئەو شێرە پیاوە، ئێمە لە مردن بێباکین، شەهیدی ڕێی گەل و خاکین، ڕوومان لەلای گەلمان سوورە، لەرزۆکی لە ئێمە دوورە. دوژمن بزانە ڕۆژێك دێ، بۆتۆش سێدارە هەڵدەخرێ ـ بەڵام هی تۆ لەسەر تاوان، لەسەر کوشت و بری لاوان، ئێمە لەسەر مافی ڕەوا، ئێوە بە تۆڵەی بێنەوا، ئێمە لە ڕێی گەل و وڵات، ئێوە لە پێناو دەسەڵات، ئێمە ڕێمان بۆ زەنوێرە، ڕێگای وە بەرەو هەڵدێرە. لەو لاوە سەدری قازی هات، بەرەو خەزنەی مێژووی وڵات، بێباك لە گیان بەخت کردن، سوور لەسەر بۆ وڵات مردن، هەروا هێمن و بە ویقار، بێ ترس دەچێتە سەر دار، مێژوو بە خوێن دەرەنگێنێ، ڕێچکەی شەهیدان دەشکێنێ. کاروانێکە بێ بڕانەوە، تا قاسملوو بێ پسانەوە. شەرەفکەندیش بەدوای دا دێ، ئەو کاروانە هەر ناوەستێ.

دزە دەکەم بەرەو مێژوو، شێست ساڵ لە ئێستا ڕابردوو- لە ڕۆژی دەی خاکەلێوە، بۆ مەهاباد وام بەرێوە ـ لەگەڵ کازیوەی بەیانی، لە چوارچرایە دەم ڕوانی، سێ لامپا هەڵاوەسرابوون، لە نووری خۆیاندا مابوون، لەزگەی تیشکیان بڵاو دەبۆوە، بە ئاسمانی‌دا دەچۆوە، هەتا بارەگای کردگار، لەوێرا دەهاتەوە خوار. دەڕژا سەر هەموو کوردستان، هەر چوار پارچە بو چراخان، تیشکاوێژ بو ئەو ڕووداوە، هەرچەند پەژارەی بەدواوە. خەڵکی مەهاباد خرۆشا، کوردستان بەدوایدا جۆشا، گەورەو بچووك لە ژن و پیاو، بۆ کۆستی سەروەران داماو، ڕۆژێکی مێژوویی ناخۆش، هەموو کەس مات و بە پەرۆش، هەموو کوردستان ڕەشپۆشە، تا بڵێی ڕۆژێکی ناخۆشە. من خۆی تێدا ڕاناگرم، لە مێژوو ڕا باڵان دەگرم، دێمەوە نێو ئەم زەمانە، کەچی لێرەش خەم میوانە، حیزبەکەی پێشەوا قازی، هەروا بەو ڕۆژە دەنازی، کراوە بە ڕۆژی شەهیدان، بۆ زیندوو مانی هەموویان، بۆ سەردارانی چوارچرا، بۆ یازدە سوارەی فەیزوڵلا، شەهیدانی چل و شەش و چل و حەوت، ئەوا نۆرەیان بەرکەوت. ئیدی فرامۆش ناکرێن، لە کاروانێ هەڵنابڕێن. موعینیەکان، شەریف زادە، باپیر شکاك و زەنگەنە، مراد شیرێژو لاجانی، مینە شەم و سەید فەتاح لەگەڵ کاوە مارەغانی، هەموویان لە گەڵ ئاوارە، بێشك جێگای خۆیان دیارە. وێردییەکان سەر وەدەردەنێن، کاروان داژۆن و هەروا دێن ـ تا دەگەنە عەبباسیی شێر، سەرگوردی ژیر، زاناو دلێر، هەژارو حاتەم و عەلیار، ئیقباڵ، ئەفشین، سەعید کالکاڵ، حەکیم، بەهرامی و دەبباغی. کاروان درێژەو بێ کۆتایی ـ سەرقافلەی تازە دوو دەستەن، یەك لە بەرلین، یەك لە وییەن، قادری لەگەڵ قاسملوو، خۆیان فیدا کرد دوو بە دوو، عەبدوڵی و ئەردەڵان لە کوێن، لەگەڵ شەرەفکەندی دەدوێن. تاکەی بژمێرم نەمامان، هێندە زۆرن لە نیشتمان ـ بەرد بە بەردی ئەم وڵاتە، کفنی شەهیدی خەڵاتە. با لەمرۆدا یادیان بکەین، خوێنی وان بەفیرۆ نەدەین ـ ڕوحیان شاد کەین، بە یەکگرتن، ڕێگایان بگرین تا مردن.